# به لوبنانیکردنی هەرێمی کوردستان

## یا خەباتی چەکداریی پەکەکە لە رۆخی رۆخەوە

بەراوردکارییەک لە نێوان بوونی چەکدارانی فەلەستینی لە لوبنان و
چەکدارانی پەکەکە لە هەرێمی کوردستان

بورهان أ. یاسین

٢٠٢٢/٨/٢٠

www.burhanyassin.com

# ناواخنی باس

پێشەکی ---------------------------------------------------------------------------- ٣-٩
خەباتی چەکداری فەلەستینییەکان لە ڕۆخی ڕۆخەوە -------------------------------- ٩-١٢
پەکەکە و خەباتی چەکداری لە ڕۆخی ڕۆخەوە --------------------------------------- ١٢-٢١
گفتوگۆی زیاتر و دەرەنجام -------------------------------------------------------- ٢١-٢٦

## پێشەکی

لەشکرکێشی تورکیا بۆ سەر باشوری کوردستان لە ساڵانی دواییدا زیاتر لە بۆچونێک هەڵدەگرێ. لە لایەکی ترەوە، پێویستە ئەم پەرەسەندنە لە سۆنگەیەکی جیاوازەوە تێگەیشتنی بۆ بکرێ، بە مەبەستی گەیشتن بە هەندێک دەرەنجام دوور لە گۆشەبینینی تەسکی ئایدیۆلۆژی، حزبیی سنووردار، هەڵچون و کاردانەوە لەسەر بنەمای هەست و نەست.

ئاراستەیەکی گشتی ناتەندروست، بەڵام باڵادەست، لە گفتوگۆ میدیادیی و سیاسییەکان لە فەزای گشتی کوردستانیدا، هەیە کە جۆرێک لە دوو جەمسەریی سادە، بەڵام زۆر مەترسیدار، دروست کردووە، کە دەخوازێ کێشەی لەشکرکێشی و حەزی داگیرکاری تورکیا لە دوو چەمکدا سنووردار بکات، واتە "بە زەرورەت" **لەگەڵ یا دژ**. بە مانایەکی دیکە تۆ دەبێ یا لەگەڵ بۆچوونی پەکەکە یا لە دژی بیت، لە لایەکی دیکەوە یا دەبێ لەگەڵ بۆچوونی پارتی دیمۆکراتی کوردستان کۆک بیت یا دژی بیت! بە واتایەکی دیکە، تەنانەت کاتێک رەخنەیەکی زۆر سنوورداریش لە پەکەکە دەگیرێ، یەکسەر خاوەن رەخنەکە دەخرێتە خانە و بەرەی داگیرکار، کە تورکیایە، یا دژەکەی، واتە دەخرێتە خانەی بەرگری لەو هەڵوێستە شەرمنانە (تەنانەت پڕ لە کێشەیەی) دەسەڵاتی باشوری کوردستان لەمەڕ ئەو هێرشە دوژمنکاریەی تورکیا؛ تەنانەت لەوەش خەراپتر، دەخرێتە بەرەی پارتییەوە. بە هەر حاڵ، شاراوە نییە کە هەڵوێستی پارتی لە هەڵوێستی تورکیاوە زۆر نزیکە، **ئەگەر نەڵێین یاریدەدەریشیەتی!** لە بەرامبەردا، کۆی پێشوەچوونەکان لەوە زۆر ئاڵۆزترن کە هەر وا بە ئاسانی بە دوو "حوکمی" سادەی دژ بەیەک، واتە "**لەگەڵ**" یا "**دژ**" تێگەیشتنیان بۆ بکرێ.

ئەگەر خەڵکی کوردستان، بە تایبەتی هێزە سیاسییەکان و دەستەبژێری رەوشەنبیری و ئەکادیمی، بیەوێ بگا بە خوێندنەوەیەکی بە کەڵک لەو رووداوانە و لەم جەمسەرگیریی (رەش یا سپی)یە زیانبەخشە رزگاری بێت و بگات بە تێگەیشتنێکی بەکەڵک و هەرنەبێ نزیک لە راستییەوە، ئەوا بێگومان لە سەرەتادا پێویستە خۆی لەم حاڵەتی **لەگەڵ یا دژە** رزگار بکات. بە واتایەکی دیکە دەبێ هەوڵ بدات لە کاتی شرۆڤە و پرۆسەی نووسیندا ئەوە قەبووڵ نەکات کە بارمتە بێت لە دەستی **هاوکێشەی لەگەڵ یا دژ / رەش یا سپی**.

خاڵێکی لێوەدەرچوونی ئەم باسەی بەردەست ئەوەیە کە دۆخەکە تا بڵێی مەترسیدارە نەک هەر بۆ پەکەکە و خەباتە دور و درێژەکەی، بەڵکو بە رادەی زێتر مەترسیدارە بۆ چارەنوسی هەرێمی کوردستان[1]. تەنانەت خەریکە ئەمڕۆ ئەم مەترسیە لەسەر هەرێم لە خاڵی یەکلاکەرەوە

[1] پێویستە لێرەدا ئەوە بە روونی یەکلا بکەینەوە کە لە دوو خاڵی لێوەدەرچوون و دوو ئاراستەی زۆر جیاواز، تەنانەت دوو ئاراستەی دژ بە یەک، باس لە مەترسی و هەڕەشەکانی سەر هەرێمی کوردستان و چارەنووسە سیاسی و دەستورەییەکەی دەکرێت: یەکێکیان دەسەڵات خۆیەتی، کە مەبەستی دەسەڵات تیاییدا دەستەمۆکردن و بە بارمەتەگرتنی دەنگە ناڕازی و دڵسۆزەکانە، بە لۆژیکی ئەوەی مەترسییەکە لەسەر هەمووانە؛ لە بەرامبەردا ئاراستەی دووەم لە دەنگە

www.burhanyassin.com

نزیک دەبێتەوە، ئەو خاڵە چارەنووسسازەی کە تیایدا تورکیا بتوانێ لە هەمان کاتتدا چۆک بە پەکەکە دابدات و باشوری کوردستانیش شکستێکی کەمەرشکێنی بەر بکەوێ! هەر بۆ نموونە، دەکرێ لە ڕێککەوتنێکی گشتگیردا لە نێوان ئەنکەرە و بەغدا لە هەمان کاتتدا، بە شێوەیەکی کەمەر شکێن، پەکەکە و دەسەڵاتی باشوری کوردستان لە ڕێککەوتنێکی ئەوهادا بە ئامانج بگیرێن! ئەوەی لە ئێستادا سیناریۆیەکی ئەوها دوادەخات ئەو دۆخی پاشاگەردانییەیە کە عێراقی تیایە، چونکە ئەگەر عێراق بیەوی دەرفەتی ڕێککەوتنێکی گشتگیری لەگەڵ تورکیادا هەبێ ئەوا دەبێ توانای بڕیاری گەورە و یەکلاکەرەوەی هەبێت، کە هەڵبەتە لە ئێستادا نییەتی

هەڵبەتە دیوێکی گرنگی ئەم مەترسیەش ئەوەیە کە نەک هەر هێزە سەرەکییەکانی دەسەڵاتی باشوری کوردستان یەک قسە و یەک دەست نین لە بەرامبەر ئەو سیناریۆ مەترسیدارانە، بەڵکو تەنانەت جیوازیەکە گەیشتۆتە ئاستێک کە لایەنێک (ڕاشکاوتر بڵێین، پارتی دیمۆکراتی کوردستان)، کەم یا زۆر، بە هاوکاری ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆی تورکیا، تۆمەتبار بکرێت! بە هەر حاڵ لەم ڕووەوە دەتوانین هەرنەبێ بە ئاسانی بڵێین کە لاوازکردن و تەنگپێهەڵچنینی پەکەکە (لە باشور و ڕۆژئاوای کوردستان) ئامانجێکە کە لەوێدا خواست و بەرژەوەندییەکانی تورکیا و پارتی دیمۆکراتی کوردستان **"یەکانگیرن."**[2] هەموو ئەمەش لە کاتێکدایە کە ململانێی بەغدا و هەولێر گەیشتۆتە خاڵی هەرە هەستیار، تەنانەت یەکلاکەرەوەش، کە تیایدا هەرێمی کوردستان زیاتر وەک **بێ چارە و بێ دەرەتان**، دەردەکەوێ. ئەمەش ڕێک هاوکاتە لەگەڵ ئەو ڕاستییەی کە پەیوەندییەکانی نێوان پارتی و یەکێتی، لە ڕێککەوتنەکەی (١٩٩٨)ەوە تا ئێستا ئەم ڕادەیەی خەراپییان بەخۆوە نەبینیوە. هەر ئەمەشە کە هەستکردن بە مەترسی و نیگەرانییەکان، دەربارەی چارەنووسی هەرێمی کوردستان، گەیاندۆتە ئاستێکی زۆر جددیتر. تا ئەو جێگایەی کە پەیوەندی بە هەڵوێستی بزاڤی گۆڕانەوە هەیە، وەک بەشداربووێکی دەسەلات، ئەوا دەتوانین بە ئاسانی باس لە دەنگی "کز و بێکاریگەری" ئەم بزووتنەوەیە بکەین ڕوو لە پرسی کاریگەریی ڕاستەقینەی ئەم بزاڤە لەسەر سیاسەت و ئاراستە ستراتیژییەکانی دەسەڵات.

ئەم ڕەهەندانە هەموویان بەیەکەوە، کورد بە گشتی، وە بە تایبەتی پەکەکە و ئەزمونی باشوری کوردستان لە خاڵێ یەکلابوونەوەیەکی مەترسیدار نزیک دەکاتەوە: لە لایەکەوە تا بڵێی دۆخی هەرێمی کوردستان هەستیارە، وە لەولاشەوە بە هەموو پێوەرێک خەباتی چەکداری پەکەکە، هەر نەبێ لە باکوری کوردستان، لە باشترین حاڵەتدا، گەیشتۆتە ڕادەیەک لە بنبەست و بێ کاریگەر کراوە، ئەوەی ماوەتەوە شەڕی "خۆپارێزییە" لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان. کات نە لە بەرژەوەندی پەکەکەیە وە نەش لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستانە!

---

دڵسۆز و ناڕازییەکان و خەڵکانی ئەکادیمی پێک دێت، کە مەبەستییانە دڵسۆزانە هەموو لایەک لە مەترسییەکانی سەر هەرێم ئاگادار بکەنەوە. بە بۆچوونی ئەم دەنگە جیاوازانە، دەسەڵات خۆی یەکێکە لە هەڕەشە سەرەکییەکانی سەر هەرێمی کوردستان و ئەزموونەکەی.

[2] یاسین، د. بورهان أ.، (٢٠٢١) "پێویستە کورد خواستی زیندوکردنەوەی هەردو ئیمپراتۆریی شیعیزمی ئێرانی و عوسمانی نوێ بەهەند وەرگرێ،" دیمانە لە پێگەی *ئاوێنە*، https://www.awene.com/detail?article=41590 دەستگەیشتن ١٩-١-٢٠٢١

لەم باسەی بەردەستدا تەنها لەسەر رووداوەکانی رۆژانی هەرە دوایی یا تەنانەت سالآنی هەرە دوای ئەم ململانێ مەترسیدارە ناوەستم، بەڵکو مەبەست ئەوەیە ئەم ڕووداوانە وەک دەروازە و کەوانەیەکی مێژوویی لە پرۆسە و سیاقێکی مێژوویی دوور و درێژتر و فراوانتردا بەکار ببەم. ئەوەی بە دیاریکراوی مەبەستە ئەوەیە بە بەراوردێک لە نێوان حاڵەتی لوبنان وە لە گەڵیشیا بوونی چالاکییەکانی ڕێکخراوی ڕزگاری فەلەستینی لەو وڵاتە (١٩٧٠-١٩٨٢) لە لایەک وە هەرێمی کوردستان و بوونی چالاکییەکانی پەکەکە لەوێ بۆ ساڵانێکی زۆر لە لایەکی ترەوە، پرۆسەکان شرۆڤە بکەم، بە مەبەستی فەراهەمکردنی تێگەیشتنێکی جیاوازتر. ئەو چەمکەشی کە دەبێتە یەکێک لە ئامرازە تیۆرییە سەرەکییەکانی ئەم شرۆڤەکردنە، بە **لوبنانیکردنە**. لەم نزیکبوونەوەیەشدا مێتودی بەراوردکاری، واتە بەراورد لە نێوان براڤی ڕزگاریخوازی فەلەستینی لە لوبنان لە لایەک، وە پەکەکە لە هەرێمی کوردستان لە لایەکی ترەوە، نزیکبوونەوە و مێتودی باڵادەستە.

واتە، لە ڕووی مێتودۆلۆژییەوە، لەم وتارەدا هەوڵ دەدەم لە چوارچێوەیەکی بەراوردکاریدا باسەکە ئەنجام بدەم. جگە لەمەش، لە بری ئەوەی تەنها لە جێدا گفتوگۆ لەسەر هەر ڕوداو، فاکتێک و پێدراوێک بکەم، گفتوگۆکە زیاتر بۆ بەشی کۆتایی هەڵدەگرم. لەوێدا بە وردی گفتوگۆی بەراوردەکە، لە نێوان حاڵەتی فەلەستینی لە لوبنان و حاڵەتی پەکەکە لە هەرێمی کوردستان، دەکەم و دەرەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکەش دەناسێنم.

ئەم بەراوردە بە زەرورەت نامان گەیێنێتە **ڕاستییەکی ڕەها** لەمەڕ بابەتی ئاڵۆز و فرەڕەهەندی ململانێی تورکیا و کورد، بەڵکو دەتوانێ لە باشترین حاڵەتدا تیشکێک بخاتە سەر ڕووداوەکان و دەللاقەیەکی دیکەش بکاتەوە بە ڕووی ئەو گفتوگۆیانەی کە ئێستا دەربارەی هێرشەکانی تورکیا دەکرێن. بە زمانێکی سادەتر: ئەم وتارە هەوڵێکە بۆ دەرهێنانی کێشەی تورکیا و پەکەکە لە هاوکێشەیەکی زیانبەخش، کە تیایدا زهنیەتی "ڕەش یا سپی" وەیا حوکمی "لەگەڵ یا دژ" کە لە چوارچێوەیەکی سنووورداری ئایدیۆلۆژی و حزبیدا باڵادەستە.

پرسیاری سەرەکی ئەم وتارە ئەمەیە: ئایا هەرێمی کوردستان چۆن "بە لوبنانی" کراوە و چ ئاکامێک لەو حاڵەتی بە لوبنانیکردنە[3] چاوەڕوان دەکرێ؟

بەشێکی چوارچێوەی تیوری ئەم بابەتە خۆی لەو بۆچوونەدا دەبینێتەوە کە هەردوو **خەباتی چەکداری فەلەستینییەکان و پەکەکە هیچ** جارێک لە ناوەندەوە نەبووە[4]، بەڵکو بەردەوام لە

[3] ناکرێ لە پرۆسەی بە لوبنانیکردنی هەرێمی کوردستان تەنها جەخت بکرێتە سەر ڕۆڵی پەکەکە. لە ڕاستیدا ئەم مەسەلەی بە لوبنانیکردنە زۆر کۆنە، تەنانەت لە مێژووی سەرهەڵدانی پەکەکەش کۆنترە. . . لە سەرەتادا تێکەڵاوبوونی ئێران لە ململانێی کورد و دەوڵەتی عێراق، واتە هەر لە سەرەتای ١٩٦٠کانەوە، قۆناغی یەکەمی بە لوبنانیکردنی هەرێمی کوردستان دەستپێکرد. بە واتایەکی دیکە ململانێیەکی ناوخۆیی (عێراق) تێکەڵاو بە ململانێی هەرێمیی (نێوان عێراق و ئێران) کرا؛ بەم شێوەیەش شەڕی براڤێکی چەکداری کە وڕێنەی "ئازادیخوازیی" دەکرد، لە "شەڕێکی ئازادیخوازی" ڕێک گۆڕدرا بە شەڕی بە وەکالەت (proxy war).

[4] ئەگەرچی زۆرجار، بە تایبەتی لە کاتی توندبوونەوەی ململانێ چەکدارییەکان، پەکەکە شیمانەی ئەوەی کردوە کە ئیتر ئەوان شەڕ دەبەنە ناو شارەکانی تورکیا. بەڵام جگە لە هەندێک کردەی سەربازیی سنووردار، پەکەکە نەیتوانیوە خەباتی چەکداری خۆی بباتە ناو قووڵایی بەشی تورکیی لە تورکیا، بە تایبەتی ڕۆژئاوای تورکیا، ناوەندی ئابووری، دیپلۆماسی و

www.burhanyassin.com

"ڕۆخەوە" **بووە**[5]، بەمەش ئەم شێوازە لە خەبات (لە ڕۆخ) کۆمەڵێک ئاکامی زیانبەخشی بۆ هەردوو **جوڵانەوە چەکدارییەکە و ڕۆخە جوگرافییەکانیش**، وەک ژینگەی ئەم جوڵانەوە چەکدارییانە، هەبووە، ئەو ڕۆخە جوگرافییە سەرەتا بۆ فەلەستینییەکان کەرتی غەزە و بۆ پەکەکەش باکوری کوردستان بوو. لەوەش زیاتر، ئەو جوڵانەوە چەکدارییانە زیانبەخش بوونە بۆ ئەو وڵاتانەی، کە وەک ڕۆخی ڕۆخ[6]، واتە پێگەی جوڵانەوە چەکداریەکە، ڕۆڵیان بینیوە: هەڵبەتە لە حاڵەتی فەلەستینییەکان ئەو وڵاتە ئوردن و دواتر لوبنانە و لە حاڵەتی پەکەکەشدا هەرێمی کوردستانە. لە هەردوو حاڵەتیشدا ڕەهەندێکی هاوبەش ئەو ئەو ڕاستییەیە کە "ئەگەر خەباتی چەکداری، یا بە مانایەکی تر نەبەردی سەربازیی لە خودی ناوەندا نەکرێ، ئەوا خەباتە چەکدارییەکە دوور دەمێنێتەوە لە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ لەسەر بڕیار و هەڵویستەکانی ڕژیم یا دەسەڵاتدارانی ناوەند"[7].

بەراوردکردنی جوڵانەوەی چەکداری فەلەستینییەکان و پەکەکە شتێکی زۆر سەرنجڕاکێشمان پێ دەڵێت: جوڵانەوەی فەلەستینییەکان لەسەر خاکی غەزە، وەک ڕۆخ، لە ١٩٥٠کان دەست پێ دەکات، بەڵام دواتر، لە ١٩٦٧وە، دەکەوێتە دەرەوەی خاکی فەلەستین؛ لە بەرامبەردا جوڵانەوەی چەکداری پەکەکە لەسەر خاکی باکوردی کوردستان، وەک ڕۆخ، دەستپێدەکات بەڵام لە دوای دەستگیرکردنی ئۆجەلان بە چەند قۆناغێک دەکەوێتە دەرەوەی خاکی باکوری کوردستان بۆ ئەوەی دواجار، کەم یا زۆر، ئەم خەباتە بە تەواوەتی بچێتە هەرێمی کوردستان. ئەوەشی دەبێ لەم بەراوردکارییەدا ئاگاداری بین ئەوەیە کە لە بەکاربردنی وشەی ڕۆخ دەبێ لە هەردوو حاڵەتدا

---

سیاسی ئەو وڵاتە. بەمەش، جگە لەوەی ئەم خەباتە بۆ ماوەیەکی درێژ لە ڕۆخی کوردیی تورکیاوە، واتە لە باکوری کوردستانەوە، دەکرا، بەڵام دواتر بە تایبەتی لە ساڵی ٢٠١٦ و ٢٠١٧وە ئەم جوڵانەوە چەکدارییە تەنانەت باکوری کوردستانیشی جێهێشت وە چووە ڕۆخێکی تر کە دەکەوێتە دەرەوەی نەخشەی ڕەسمی تورکیا. واتە پەکەکە نەک هەر خەباتە چەکدارییەکەی نەگواستەوە شارە تورکییەکان، بەڵکو جوڵانەوە چەکداریی و ڕووبەڕووبوونەوەکەی لە گەڵ تورکیا گواستەوە هەرێمی کوردستان.

[5] تیوری "ڕۆخ و ناوەند" (periphery and center) تیورییەکی فراوانە و زیاتریش ئامرازی تیورییانەی خوێندنەوەیەکی نیو-مارکسیستانە لەمەڕ کۆڵۆنیالیزم و ئیمپریالیزم. ئەم تیورییە سووبەخشیشە بۆ لێکۆڵینەوە لە بواری کۆڵۆنیالیزمی ناوخۆیی (internal colonialism). دەربارەی تیوری ناوەند و ڕۆخ وەک تیوری تێگەیشتنێکی سترەکتورالیستیانە لە دیاردەی ئیمپریالیزم بڕوانە: Galtung, Johan (1972) "A Structural Theory of Imperialism," 1 April 1972, https://hdl.handle.net/10520/AJA00020117_8 دەستگەیشتن ٢٠٢٢/٨/١١

بەڵام تیوری ناوەند و ڕۆخ لە گۆشەبینینی دیکەشدا، بۆ نموونە وەک چەمکێک لە بابەتی **جوگرافیای سیاسی**، بەکار دەبرێت، بەبێ ئەوەی بە زەرورەت سەرچاوەی ئیلهامی ئەم بەکاربردنە نیو-مارکسیزم بێت. من پێشتر لە بابەتێکمدا سودم لەم بۆچوونە تیورییە، واتە ناوەند و ڕۆخ وەک دوو چەمکی جوگرافی، وەرگرتووە بۆ تیشک خستنە سەر جوڵانەوەی چەکداری لە باشوری کوردستان لە ساڵانی ١٩٦١ تا کۆتایی هەشتاکان، بە سودوەرگرتن لە تیوری ناوەند و ڕۆخ بە مانا جوگرافییەکەی. بڕوانە: بورهان أ. یاسین، "چەند سەرنجێک دەربارەی خەباتی چەکداری نەتەوەیی کورد لە کوردستانی باشور،" لە گۆڤاری *یەکگرتن*، ژمارە ١٥، ساڵی ١٩٩٢، لاپەڕە ٤٤-٥٨. ئەم بابەتە بۆ جاری دووەم لە کتێبی نووسەر "ئەوەی ئەمڕۆ سیاسەتە، سبەی مێژووە" ٢٠٠٢، لاپەڕە ١٠٦-١٣٩دا بڵاوبۆتەوە. لەم پەیوەندیەشدا بابەتەکە بەرچاو دەکەوێ: https://www.burhanyassin.com/Ewey%20ewro...babetekan+5.pdf

[6] دواتر لەم باسەدا چەمکی ڕۆخی ڕۆخ ڕوون دەکرێتەوە.

[7] یاسین، بورهان أ.، "چەند سەرنجێک دەربارەی خەباتی چەکداری نەتەوەیی کورد لە کوردستانی باشور،" لە گۆڤاری *یەکگرتن*، ژمارە ١٥، ساڵی ١٩٩٢، لاپەڕە ٥١.

www.burhanyassin.com

جیاکاریش بکەین لە نێوان ئەوەی کە لە سەرەتادا لە ڕۆخی ئەو وڵاتەدا شەڕ دەکرێت کە داگیرکارە، کە دەکرێ پێی بڵێین "**ڕۆخی ناوەوە**" بەڵام لە قۆناغی دواتر هەردوو بزاڤە چەکدارییەکە دەچنە ڕۆخی دووهەم یا **ڕۆخی ڕۆخ**"[8]، کە هەڵبەتە ئەم چەمکەیان، بۆ مەبەستی ئەم لێکۆڵینەوەیەی بەردەست، بەکار دەبەین.

ئەم بەراوردکارییە لە نێوان حاڵەتی خەباتی چەکداری فەلەستینییەکان، لە ڕۆخی ڕۆخەوە، واتە لە لوبنانەوە، دژ بە ئیسرائیل (١٩٧٠-١٩٨٢)، وە هێرشی بەرفراوان و یەکلاکەرەوەی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان لە ١٩٨٢ لە لایەک، وە خەباتی چەکداری پەکەکە لە ڕۆخی ڕۆخەوە، واتە لە خاکی هەرێمی کوردستانەوە، دژ بە تورکیا و هێنانی هێرش و شەڕ لە لایەن تورکیاوە بۆ ناو قوڵایی هەرێمی کوردستان، لە ڕووی زانستیشەوە سودبەخشە. بەراوردەکە و وانە فێربوون لە ئەزموونی فەلەستینییەکان لە کەوتنی بەیروت لە ١٩٨٢ وە لەگەڵیشیا شکستی خەباتی چەکداری فەلەستینییەکان بە تەواوەتی، وا دەکات کە بەراوردەکە، بە تایبەتی، ببێ بە لێکۆڵینەوەیەکی پێویست لە بواری مێژووی کورد بە گشتی، بەڵام بە تایبەتی لە بابەتی خەباتی چەکدارییدا.

چەمکی بە لوبنانیکردن لەم باسەدا ڕۆڵی زیاتر لە چەمکێکی سادە دەبینێت و دەبێ بە بەشێکی گرنگ لە چوارچێوەی تیوری باسەکە، لەبەر ئەوە چەمکەکە پێویستی بە پێناسە و ڕوونکردنەوە هەیە. بە سادەیی **چەمکی بە لوبنانیکردن** بە مانای شەڕی ناوخۆ، بە قوڵاییەکی تائیفی و ئایدیۆلۆژی و ڕەهەندێکی هەرێمییەوە، دێت. ئەم چەمکە زۆر جار لەگەڵ چەمکی بە "بەلقانیکردن" بەراورد دەکرێ، بە واتای ڕوداوەکانی شەڕی ناوخۆی یۆگوسلاڤیا. هەندێک جار ئەم دوو چەمکە تەنانەت لە مانادا وەک هاوتاش دەردەکەون[9]، بەڵام هەڵبەتە لە دوو ژینگەی جوگرافی، مێژوویی و کۆمەڵایەتی جیاوازدا.

جێگای سەرنجە کە چەمکی بە لوبنانیکردن، لە دۆخی ململانێ و ڕوانگە سیاسییەکاندا، زیاتر مانای نەرێنی دەبەخشێت، چ لە سروشتی ململانێ "**ناوخۆییەکاندا**" یا لە ڕووی تێوەگلانی هێزی دەرەکی هەرێمی لەو ململانێ ناوخۆییانەدا.

---

[8] ئەوەی جێگای سەرنج و گرنگییپێدانە ئەوەیە کە یۆهان گالتونگ پێی وایە کە دەبێ تیوری "ناوەند و ڕۆخ" لەو سادەییە دەربکرێ وەک ئەوەی کە ناوەند یەکگروو و یەکە بەرامبەر بە ڕۆخێکی یەکگرتوو. گالتونگ پێی وایە نە ناوەند بە تەواوەتی یەکگرتووە و نە ڕۆخیش بە تەواوەتی یەکگرتووە. ناوەند ڕۆخی خۆی هەیە و ناوەندی خۆشی هەیە، واتە شتێک هەیە بە ناوی ناوەندی ناوەند. لە بەرامبەریشدا ڕۆخیش ناوەندی تایبەت بە خۆی هەیە وە ڕۆخێکیشی هەیە، واتە ڕۆخی ڕۆخ. ئەم وێنە تیورییە چەندە ئاڵۆزە ئەوەندەش بە سوودە وەک ئامرازێکی میتۆدۆلۆجیی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی. بە هەر حاڵ بەو شێوەیەی من لەم باسەکەمدا چەمکی "ڕۆخی ڕۆخ" بەکار دەهێنم هەندێک جیاوازی هەیە لەگەڵ شیوازی بەکاربردنی چەمکەکە لە لایەن (یۆهان گالتونگ)ەوە.

دەربارەی پەرەپێدانی تیوری ناوەند و ڕۆخ لە لایەن (یۆهان گالتونگ)ەوە، بە گشتی بڕوانە: Galtung, Johan (1972)

[9] بڕوانە، بۆ نموونە:

Ibrahim, Ali ”Balkanization or Lebananization,” https://www.arabstoday.net/en/w-352/balkanization-or-lebanization دەستگەیشتن ٢٠٢٠/٦/٢٦

به هەر حاڵ، چەمکی به لوبنانیکردن، بۆ مەبەستی ئەم وتارەی بەردەست، پێویستی به هەندێک **فراوانکردن** هەیە. لەم فراوانکردنەشدا جەخت لەسەر رۆڵ و بوونی رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینی له لوبنان به تایبەتی له (١٩٧٠)وە دەکرێتەوە، به تایبەتیتریش رۆڵی ئەو رێکخراوە له وروژاندنی ئیسرائیل بۆ ئەوەی دوو جار (له ١٩٧٦ و ١٩٨٢) هێرشی بەرفراوان بکاتە سەر ئەو وڵاتە و تەنانەت له جاری دووەمدا، واتە له ١٩٨٢دا، هێزەکانی ئیسرائیل بێنە ناو بەیروتیشەوە. هەروەها رۆڵ و کاریگەری ئەم رێکخراوە له پەرەسەندنەکانی دۆخی سیاسی ناوخۆی لوبنان و ململانێ و میحوەربەندییەکانی گۆرەپانی سیاسی ئەم وڵاتە، به تایبەتی له ساڵانی شەڕی ناوخۆی لوبنان (١٩٧٥-١٩٨٩)، گرنگییەکی تایبەتی وەردەگرێت. ئەگەر چی له ئەدەبیاتی شەڕی ناوخۆی لوبناندا زیاتر جەخت لەسەر شەڕی تایفی (ناوخۆ)ی لوبنان کراوەتەوە، بەڵام هۆکاری سەرەکی بۆ هێرشی لەشکری ئیسرائیل بۆ ناو قوڵایی لوبنان، وە تەنانەت له ١٩٨٢ تا ناو قوڵایی بەیروتیش، به مەبەستی لێدان و بنبڕکردنی چەکدارە فەلەستینییەکان و هەڕەشەکانیان بوو بۆ سەر ئیسرائیل. دواجار لەمەشدا ئیسرائیل سەرکەوتو بوو.

لەم باسەمەدا هەوڵ نادەم بچمە ناو هەندێک باسی پەیوەندیدار لەمەڕ هۆکار و فاکتەرەکانی بوونی هێزی سەربازیی تورکیا له باشوری کوردستان، وەک، بۆ نموونە، تەماحی دەسەڵاتدارانی تورکیا له "ویلایەتی موسڵی عوسمانی." زۆر جار، به تایبەتی له ساڵانی دواییدا، جوڵەی سەربازیی تورکیا له باشور وەک هەوڵێکی ئەو وڵاتە بۆ داگیرکردن و "قوتدانی" ویلایەتی موسڵی پێشووی دەوڵەتی عوسمانی دەرکەوتووە، یا باسی لێوە کراوە.

بابەتی ویلایەتی موسڵ تا بڵێی گرنگە و له داهاتودا لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی لەم بارەیەوە بڵاودەکەمەوە؛ چوارچێوە گشتیەکەی باسەکەش ئەمە دەبێ: کێشەی موسڵی عوسمانی، تا رادەیەکی زۆر، یەکسانە به کێشەی کورد له باشوری کوردستان، به تایبەتی له ١٩٢٠کاندا، یا تەنانەت **هاوتایەتی**. واتە دەتوانین به ئاسانی بڵێین که کێشەی ویلایەتی موسڵ ناوێکی دیکەیە بۆ کێشەی کورد، به تایبەتی له عێراق. له لایەکی تریشەوە، کێشەی موسڵ له زیاتر له رەهەندێکەوە دیسان به توندی پەیوەندیدار دەبێت به باکوری کوردستان و کێشەی کورد له تورکیا[10]. به هەر حاڵ، ئەوەی جێگای سەرنج و گرنگییە ئەوەیە که له کاتێکدا دەسەڵاتدارانی تورکیا زۆر به راشکاوانە باس له "لکاندنی" ویلایەتی موسڵ بەو وڵاتەوە دەکەن، بەڵام له بەرامبەردا بێدەنگی و بێهەڵوێستی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی لەم بارەیەوە جێگای تێبینییە: له راستدا ئەم **بێدەنگی و بێهەڵوێستییە لانی کەم جێگای پرسیار و سەرسوڕمانە**. . .

هەروەها ماوەتەوە بڵێم که رۆڵ و کاریگەری پەکەکە، پەیوەست به رۆژئاوای کوردستان، دەکەوێتە دەرەوەی چوارچێوەی ئەم لێکۆڵینەوەیەم.

---

[10] هەر له سەرەتادا چارەنووسی ولایەتی موسڵ پەیوەندیدار کرا به کێشەی کورد له باکوری کوردستان له رێگای ماددەی ٦٤ی پەیمانی سیڤەرەوە. بۆ دەقی ماددە پەیوەندیدارەکان به کورد له پەیمانی سیڤەردا، بڕوانە، بۆ نموونە: https://ekurd.net/mismas/articles/misc2007/6/turkeykurdistan1221.htm دەستگەیشتن ٢٠٢٢/٨/١١

## خەباتی چەکداری فەلەستینییەکان لە رۆخی رۆخەوە

بوونی فەلەستینییەکان، بە ژمارەیەکی زۆر، لە لوبنان کۆنە و هەر نەبێ دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٤٨ کاتێک فەلەستینییەکان روویان کردە لوبنان و وڵاتانی دیکەی عەرەبی و لەوێ بوون بە پەنابەر[11]. بەڵام بوونی فەلەستینییەکان لە لوبنان تا ساڵی ١٩٧٠ کێشەیەکی زۆر گەورە نەبوو بۆ ئەو وڵاتە. بە هەر حاڵ، دوای سێپیەمبەری ١٩٧٠، واتە دوای شەڕی ناوخۆی ئوردن، لە نێوان دەسەڵاتی ئەو وڵاتە لە لایەک وە رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینی (PLO) لە لایەکی ترەوە[12]، چەکدارانی ئەم رێکخراوە لە ئوردن کرانە دەرەوە، بەم پێیەش ئەم چەکدارانە روویان لە لوبنان کرد.

بۆ ئەوەی بە خێرایی تیشک بخەینە سەر خەباتی چەکداریی فەلەستینییەکان، پێویستە هەنگاوێک بچینە دوواوە. فەلەستینییەکان لە ناوەڕاست ١٩٥٠کانەوە دژی ئیسرائیل دەستیان بە خەباتی چەکداری کرد. مەبەستی سەرەکی ئەم خەباتە چەکدارییەش گۆڕینی هاوسەنگیی هێز بوو لە بەرژەوەندی فەلەستینییەکان لە هاوکێشەی ململانێی فەلەستینی-ئیسرائیلیدا، بەڵام یەکێکیش لە ئامانجە گرنگەکانی ئەم خەباتە ئەوە بوو کە کێشەی فەلەستین لە دەست رژێمە عەرەبییەکان دەربهێنرێ و بکەوێتە دەست فەلەستینییەکان خۆیان، ئەم ئاراستەیەش بە "بە فەلەستینیکرن"(palestinization)ی دۆزی فەلەستین ناسراوە[13]. تا ساڵی ١٩٦٧، واتە تا شەڕی حوزەیرانی ئەو ساڵە، کردارە چەکدارییەکانی فەلەستینییەکان (ناسراو بە فدائیون) لە غەزەوە دژ بە ئیسرائیل ئەنجام ئەدران[14]. کردەوە چەکدارییەکانی فەلەستینییەکان لە غەزەوە، دژ بە ئیسرائیل، هۆیەکی سەرەکی بوو بۆ ئەوەی دوو جار ئیسرائیل بچێتە شەڕەوە بەرامبەر بە میسر (١٩٥٦ و ١٩٦٧). ئەگەرچی ناشتوانین بڵێین کە ئەم چالاکییە چەکدارییەکانە تەنها هۆکار بوون، بەڵام بێگومان

---

[11] یەکێک لە رووداوە تراژیدیاوییەکانی مێژووی هاوچەرخی فەلەستینییەکان ئەو کۆچڕەوە گەورەیە بوو کە لە ئاکامی جەنگی ١٩٤٨-١٩٤٩ رویدا کە تیایدا، کەم یا زۆر، ٧٠٠ هەزار فەلەستینی شار و لادێکانیان جێهێشت وە دواتر، لە لایەن ئیسرائیلەوە، لە دەرفەتی گەڕانەوە بۆ زێدی خۆیان بێبەش کران، ئەگەرچی بڕیارێکی نەتەوە یەکگرتووەکانیش (ژمارە ١٩٤) لە بارەی مافی گەڕانەوەیان دەرچوبوو.

[12] لەبەر ئەوەشە سێپتەمبەری ١٩٧٠ بە "سێپتێمبەری رەش" ناوزەد کراوە. دواتریش هەر بە ناوی سێپتێمبەری رەش رێکخراوێکی رادیکاڵی فەلەستینی دامەزرا.

[13] Pappe, Ilan (2006) *A History of Modern Palestine: One Land, Two Peoples*, (Cambridge: Cambridge University Press), 2nd. ed. P. 143.

لە راستیدا ململانێی نێوان فەلەستینییەکان و وڵاتانی عەرەبی دەربارەی ئەوەی کێ و کام لایەن نوێنەرایەتی فەلەستینییەکان دەکات بەردەوام کێشەیەکی ئامادە بوو لە پەیوەندییەکانی دەوڵەتانی عەرەبی بە فەلەستینییەکانەوە. ئەم کێشەیە تا رادەیەک، لە ئۆکتۆبەری ١٩٧٤، یەکلا بوویەوە کاتێک بۆ یەکەم جار کۆمکاری عەرەبی دانیان بە رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینی نا، وەک تاکە نوێنەری شەرعی فەلەستینییەکان. ئەگەرچی ئەمە پێشوەچوونێکی گەورە بوو لە "بە فەلەستینیکردنی" کێشەی فەلەستین، بەڵام ئەم هەنگاوە هەرگیز کۆتایی بە تەواوەتی بە دەستوەردانی دەوڵەتانی لە کاروباری فەلەستینییەکان نەهێنا.

[14] وەک زانراوە لە دوای شەڕی ١٩٤٨ی نێوان وڵاتانی عەرەبی و ئیسرائیل تا شەڕی حوزەیرانی ١٩٦٧، غەزە لە لایەن میسرەوە، وە کەناری رۆژئاواش لەلایەن ئوردنەوە، ئیدارە دەکران.

هۆیەکی سەرەکی بوون بۆ ئەو دوو شەڕە دژ بە میسر: لە هەردوو حاڵەتیشدا ئیسرائیل دەیخواست چالاکییە فەلەستینییەکان لە غەزە بنبڕ بکات. جگە لەم دوو شەڕەش، پێشتر لە ساڵی ١٩٥٥، کاتێک دەیڤد بن گوریۆن وەزیری بەرگری ئیسرائیل بوو، هێزەکانی ئەو وڵاتە بە توندی هێرشیان کردە سەر غەزە بە ئامانجی تێکشکاندنی ژێرخانی ئۆپەراسیۆنە چەکدارییەکانیان دژ بە ئیسرائیل، چونکە غەزە وەک پێگەی هێرشبردن یا پێگەی لێوەدەرچوون (launching pad)ی ئۆپەراسیۆنەکان، یا پێگەی هەڵدانی موشەک و تۆپی دوورهاوێژ دژ بە ئیسرائیل، بەکار دەهێنرا.

لە شەڕی ١٩٦٧، ناسراو بە شەڕی حوزەیران، ئیسرائیل سەرکەوتوو بوو لە داگیرکردنی غەزە و زۆر ناوچەی تر، بەم مانایەش توانرا کۆتایی بە چالاکییە چەکدارییە فەلەستینییەکان لە غەزە بهێنرێ.

لە قۆناغی دووەمی خەباتی چەکداریی فەلەستینییەکان پێگەی هێرشبردن، دژ بە ئیسرائیل، لە غەزەوە گواسترایەوە ئوردن. واتە لەم قۆناغەدا (١٩٦٧-١٩٧٠)، ئوردن بوو پێگەی سەرەکی بۆ ئەوەی لەو وڵاتەوە چەکدارە فەلەستینییەکان بەردەوامی بە هێرشەکانیان بۆ سەر ئیسرائیل بدەن. لە ساڵی ١٩٦٧ چەکدارە فەلەستینییەکان ١٠٠ ئۆپەراسیۆنیان دژی ئیسرائیل ئەنجامدا، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٠ ژمارەی ئەم ئۆپەراسیۆنانە گەیشتە ٢٠٠٠. ئەم زێدەبوونە مەزنەی ژمارەی ئۆپەراسیۆنەکان، دەربڕی سیاسەتی رەسمی رێکخراوی رزگاریخوازی فەلەستینی بوو، کە بە پێی ئەم سیاسەتە مەبەست ئەوەبوو ئوردن بکرێت بە ڤیتنام بۆ ئیسرائیل[15]. بە هەر حاڵ، ئەم ئۆپەراسیۆنانە دوو ئاکامی زۆر گرنگی، بۆ ئوردن، لێکەوتەوە: ١) چالاکییە سەربازییە فەلەستینییەکان بە رادەیەک ئیسرائیلیان هەراسان کرد کە ئیتر ئەو وڵاتە بە راشکاوی پەیامی بە دەسەڵاتدارانی ئوردن دا کە ئەگەر چالاکییە فەلەستینییەکان لەو وڵاتەوە بەردەوام بن ئەوا ئیتر چارە نییە ئیسرائیل، بە ئامانجی بنبڕکردنی چالاکییە چەکدارییە فەلەستینییەکان کە سەرچاوەکەیان ئوردن بوو، جەنگێکی گشتگیر بەرامبەر ئەو وڵاتە رادەگەیەنێ؛ ٢) فەلەستینییەکان بە چەکەکانیانەوە بوون بە فاکتەرێکی گرنگ لە **سیاسەتی ناوخۆی** ئوردندا[16] و زێدەبوونی گرژی و ململانێ لە نێوان حکومەتی ئوردن و فەلەستینییەکان[17]. هێز و دەسەڵاتی فەلەستینییەکان لە ئوردن بە شێوەیەک زیدە بوو تا گەیشتە ئەو رادەیەی لە ساڵی ١٩٧٠ راپۆرتە هەواڵگیرییەکانی ئوردن باس لە مەترسی ئەوە بکەن کە ئیتر فەلەستینییەکان دەخوازن بە تەواوەتی دەست بەسەر فەرمانڕەوایی ئوردندا بگرن و کۆتایی بە دەسەڵاتی پادشای ئەو وڵاتە بهێنن. بەمەش ترس و

[15] Pappe, Ilan (2006), P. 191.

[16] لە راستیدا هەستکردنی ئوردنییەکان بە هەڕەشە لە لایەن فەلەستینییەکانەوە بۆ سەر وڵاتەکەیان تەنها بۆ چەند و چۆنی چەکدارانی فەلەستینی نەدەگەڕایەوە، بەڵکو هەندێک هۆکاری دیکەی گرنگ هەبوون بۆ ئەو هەستکردنە بە مەترسی، لەوانەش: ژمارەی دانیشتوانی فەلەستینی لە ئوردن، کەم یا زۆر، نیوەی ژمارەی دانیشتوانی ئەو وڵاتە بوون، دووەمیشیان ئەو پەیوەندییە مێژوویی، کۆمەڵاتیی و جوگرافییەی کە لە نێوان ئوردن و فەلەستین، بە تایبەتی ئوردن و کەناری رۆژئاوا، هەبوو.

[17] هەمان سەرچاوەی پێشوو.

نیگەرانی دەسەڵاتدارانی ئوردن گەیشتە لوتکە و دواجار لە سێپتێمبەری ١٩٧٠ شەڕی ناوخۆیی لە ئوردن، لە نێوان فەلەستینییەکان و هێزە چەکدارەکانی ئوردن، هەڵگیرسا[18]. لە ماوەیەکی کەمدا، لە کۆتایی سێپتێمبەر، بە ناوبژیوانی جەمال عەبدولناسر، کۆتایی بە شەڕەکە هێنرا و بە پێی ڕێککەوتنی ئاگربەستیش چەکدارە فەلەستینییەکان بە یەکجاری ئوردنیان بەرەو لوبنان جێهێشت[19].

لە قۆناغی سێهەمدا (١٩٧٠-١٩٨٢) لوبنان بوو بە پێگەی چەکدارە فەلەستینییەکان بۆ هێرشکردنە سەر ئیسرائیل. بە هەر حاڵ، ئەم قۆناغەش دیسان بە دەرکردنی هێزە چەکدارەکانی ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستینی لە لوبنان، لە ئاکامی هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئەو وڵاتە لە ساڵی ١٩٨٢، کۆتایی هات. بەم شێوەیەش شکستی فەلەستینییەکان لە لوبنان بوو بە سەرەتای پرۆسەی، یا هەرنەبێ سەرەتای بە جدی بیرکردنەوە لە، وازهێنانی یەکجاری ئەو ڕێکخراوە لە خەباتی چەکداری.

دوای ئەوەی چەکدارە فەلەستینییەکان لوبنانیان کرد بە پێگەی هێرشکردنە سەر ئیسرائیل، ئەم پێشوەچوونە، ڕێک هەر وەک حاڵەتی پێشتر لە ئوردن، دوو لێکەوتەی سەرەکی هەبوو: ١) فەلەستینییەکان، پشتئەستور بە هێزی چەک، بوون بە فاکتەرێکی گرنگی ژیانی سیاسی و گۆڕانکارییە ناوخۆییەکانی لوبنان؛ واتە، لە تەک ئەکتەرە سەرەکییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی گۆڕەپانی لوبنان، فەلەستینییەکان بوون بە ژمارەیەکی گرنگ. بەمەش بوون بە فاکتەرێکی گرنگ لە تێکچوونی هاوسەنگییە سیاسییەکانی نێوان پێکهاتەکەنی لوبنان هەروەها بوون بە یەکێک لە هۆکارەکانی ئەو شەڕە ناوخۆییە وێرانکارەی کە لە لوبنان لە ١٩٧٥ هەڵگیرسا وە دوای ١٤ ساڵ بە ڕێککەوتنی تایف لە ئۆکتۆبەری ١٩٨٩ کۆتاییهات؛ ٢) لە ڕەهەندی هەرێمیدا، فەلەستینییەکان بوون بە فاکتەرێکی گرنگ و نوێ لە ململانێی نێوان ئیسرائیل و لوبناندا و دەرئەنجام ئەم وڵاتە کەوتە ژێر هەڕەشە بەردەوامەکانی ئیسرائیل. لە ڕاستیدا هەر لە کاتی گواستنەوەی چالاکییە چەکدارییەکانی فەلەستینییەکان بۆ لوبنان لە ساڵی١٩٧٠، ئیتر ئەو وڵاتە بەردەوام لە ژێر هەڕەشە و هێرشی زەمینی و ئاسمانیی ئیسرائیلدا بوو. گرنگترینی هێرشە زەمینییەکان هی ساڵی ١٩٧٦ و ١٩٨٢ بوون، کە تیایاندا هێزی زەمینی بەکارهات بۆ چوونە ناو قوڵایی لوبنان. چارەنووسسازترین هێرشیش ئەوەبوو کە ئیسرائیل لە قوڵایی لوبناندا لە ساڵی ١٩٨٢ کردی، بە مەبەستی بنبڕکردنی چالاکییە سەربازییەکانی فەلەستینییەکان. هەروەک پێشتر ئاماژەی پێدرا، ئیسرائیل لەم هێرشەدا توانی بگاتە بەیروت، ئەمەش بە دەرنجامێکی یەکلاکەرەوە تەواو بوو: چەکدارانی ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستینی، لە ژێر هەڕەشەی ڕاستەوخۆی ئیسرائیلدا، بۆ هەمیشە ملیان دا و بەیروتیان جێهێشت. لە ژێر چاودێری ئەمریکا و بە یارمەتی لۆجیستی ئەو وڵاتە و زەمانەتکردنی

---

[18] Pappe, Ilan (2006), P. 193

[19] تەنها چەند ڕۆژێکی کەم دوای ئەم ڕێککەوتنە جەمال عەبدولناسر کۆچی دوایی کرد.

سەلامەتییان، هەر لە لایەن ئەمریکییەکانەوە، هەزاران لە چەکدارە فەلەستینییەکان بە سەرکردایەتی یاسر عەرەفات بۆ هەمیشە لوبنانیان جێهێشت. سەرکردایەتی ڕێکخراوەکە و هەزاران لەو چەکدارانە لە تونس گیرسانەوە و هەر ئەو وڵاتەش بوو بە بنکەی سەرەکی ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستینی تا گەڕانەوەی یاسر عەرەفات و سەرکردایەتی ڕێکخراوەکە لەساڵی ١٩٩٦ بۆ کەناری خۆرئاوا.

## پەکەکە و خەباتی چەکداری لە ڕۆخی ڕۆخەوە

دامرکاندنی "ڕاپەڕینی" دەرسیمی (١٩٣٧-١٩٣٨) دڵڕەقانە و بە زەبری ئاگر و ئاسن، تەنانەت لە گۆشەبینینی ئەکادیمیشەوە، وەک کۆمەڵکوژی (جینۆساید) بینراوە[20]. بە هەر حاڵ دوای ماوەیەکی دوور و درێژ، ڕاپەڕینێکی تری چەکداری بە پێشڕەوی پەکەکە لە ١٩٨٤دا دەستی پێکرد. ئەمە، لە سەد ساڵی ڕابردوودا، گۆڕانکارییەکی چۆنایەتی و گەوهەری بوو لە ململانێی کوردی-تورکیدا.

دەکرێ خەباتی چەکداری پەکەکە، بە شێوازی جیا جیا، بە سەر چەند قۆناغێکدا دابەشبکرێ، بەڵام دەبێ هەر زوو ئەوە جەخت بکەینەوە کە **تەنها یەک جۆر قۆناغبەندی نییە**، بەڵکو چەند جۆرێکە وە هەر قۆناغێک لەم قۆناغانە دەبێ بە چەند قۆناغێکەوە: ١) پێدراوی یەکەمیان **جوگرافیا و قوڵایی ستراتیژی** خەباتە چەکدارییەکەیە. لە قۆناغی یەکەمدا سوریا لە ساڵی ١٩٨٤ تا دەرکردنی ئۆجەلان لەو وڵاتە لە پایزی ١٩٩٨ قوڵایی ستراتیژی ئەو خەباتە چەکدارییە بوو. لە قۆناغی دووەمدا هەرێمی کوردستان، هەڵبەتە قەندیل وەک پێگەیەکی سەرەکی، بوو بە تەواوکاری سوریا وەک قوڵایی ستراتیژی. بەڵام لە ساڵانی دواییدا، کە دەکرێ لە ڕووی جوگرافیای خەباتی چەکدارییەوە وەک قۆناغی سێهەم تەماشا بکرێ، ڕۆژ دوای ڕۆژ هەرێمی کوردستان لە قوڵایی ستراتیژییەوە گۆڕدرا بۆ **گۆڕەپانی ڕاستەقینەی بەرەوڕووبوونەوەی نێوان تورکیا و چەکدارانی پەکەکە**، بەم مانایەش ئەم بەشەی کوردستان بووە بە "لوبنانی پەکەکە." لە ئێستادا هەرێمی کوردستان گۆڕەپانی سەرەکی، یا تەنانەت دەکرێ بڵێین تاکە گۆڕەپانی، بەرەوڕووبوونەوەی چەکدارییە لە نێوان تورکیا و پەکەکەدا؛ ٢) پێدراوی دووەم بۆ قۆناغبەندی **دەستگیرکردنی ئۆجەلانە**، کەواتە دەکرێ ئەو خەباتە چەکداریە بکرێ بە دوو ماوە یا قۆناغی سەرکی جیا، یەک، ماوەی پێش وە دوو، ماوەی پاش دەستگیرکردنی سەرۆکی پەکەکە؛ ٣) پێدراوی سێهەمی قۆناغبەندییەکە ئەو شێوازی **قۆناغبەندییە کە پەکەکە** خۆی لە سەرەتای خەباتی چەکدارییەوە، وەک ڕێڕەوێکی ستراتیژی، بۆ ئەو جۆرە لە خەبات دیاری کردبوو. بەپێی ئەو قۆناغبەندییە لە

---

[20] Bruinessen, Martin van (1994) "Genocide in Kurdistan? The suppression of the Dersim rebellion in Turkey (1937-38) and the chemical war against the Iraqi Kurds (1988)", in: George J. Andreopoulos (ed), Conceptual and historical dimensions of genocide. University of Pennsylvania Press, pp. 141-170.

www.burhanyassin.com

سەرەتای ئەو خەباتەوە دەست پی دەکات تا دوا قۆناغ، واتە تا قۆناغی گەیشتن بە سەرکەوتن: أ) قۆناغی هەڵسانەوە و بەهێزکردنی ناسمانەی کوردان لە باکور[21]، ب) قۆناغی رزگارکردنی پارچەیەک خاک لە باکور[22]، ج) قۆناغی راگەیاندنی "دەوڵەتێکی سەربەخۆ" لەسەر ئەو پارچە خاکە رزگارکراوە. لە کۆتایی ١٩٨٠کان باس لە ناوچەی **بۆتان** دەکرا وەک ناوچەیەکی گونجاو بۆ رزگارکردن بۆ ئەوەی دواتر، واتە لە قۆناغی سێهەم و دوا قۆناغدا دەوڵەت لەو ناوچەیە ئازادکراوە رابگەیەندریَ؛ ٣) پێدراوی پێنجەم، بۆ جۆرێکی تر لە قۆناغبەندی خەباتەکە، لەسەر بنەمای **تاکتیکی شەڕ** و تەنانەت پێشکەوتن لە رووی شێوازی جوڵە و چەکە بەکارهاتووەکان لە هەردوو دیوی ململانێدا، واتە پەکەکە لە لایەک وە تورکیا لە لایەکی ترەوە. لەم بارەیەوە دەکریَ قۆناغی هەرە دوایی هی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان (ناسراو بە درۆن) بێت، کە لە رێگایەوە تورکیا توانیویەتی پەکەکە هەراسان بکات، بە تایبەتی لە رێگای بە ئامانجگرتنی سەرکردە و چالاکوانە دیارەکانی پەکەکە لە رێگای ئەم جۆرە فڕۆکانەوە لە باشور و رۆژئاوای کوردستان؛ ٤) پێدراوی پێنجەم، وەک بنەما بۆ قۆناغبەندی، ئەو شێوە **پەیوەندی** و **دینامیزمەیە** کە لە نێوان خەباتی چەکداری لە لایەک وە هاوتەریبەکەی، واتە خەباتی مەدەنی و سیاسیی، هاتوتە گۆڕیَ بە تایبەتی ئەو چالاکییە مەدەنی و سیاسی و پەرلەمانی کوردییانەی کە لە ژێر چەتری یاسا لە تورکیا ئەنجام دەدرێن گرنگن، بە دیاریکراوی لە ساڵی (١٩٩١)ەوە. پرسیارێکی گرنگیش لەم بارەیەوە، کە پێویستە بکریَ ئەوەیە ئایا ئەم دوو شێوازە لە خەبات (خەباتی چەکداری لە لایەک وە خەباتی مەدەنی لە لایەکی دیکەوە) بە بێ کێشە **هاوتەریب** و **هاوئاهەنگ** بوون یان بە شێوەیەکی **ئاڵۆز** و **پڕ لە کێشە** ئاوێتەی یەکتر بوون؟ لەم بارەیەوە دەتوانم بڵێم خەباتی مەدەنی لە باکوری کوردستان تەنها کێشەی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەنکەرەدا نەبووە، بەڵکو تەنانەت بە هەمان راددەش، کێشەی لەگەڵ "قەندیل" هەبووە، چونکە سەرکردەکانی قەندیل بەردەوام ترسی "**لەدەست دەرچوونی**" خەباتی سیاسی و مەدەنییان هەبووە، لەبەر ئەوەش پەیوەندییەکە لە هاوتەریب و هاوئاهەنگ بوونێکی ئەرێنی (پۆزەتیڤ) و بەرهەمدار دەگۆڕیَ بۆ **پەیوەندییەکی کێشەدار**. دواجار، بە کورتی و بە چڕی، خەباتی مەدەنی و سیاسی لە باکور بەردەوام کەوتۆتە نێوان دوو بەرداش (ئەنکەرە لە لایەک وە قەندیل لە لایەکی دیکەوە): هەرگیز قەندیل رێگا بە خەباتێکی مەدەنی نادات ئەگەر لە ژێر چنگ، سێبەری قورس و کۆنترۆڵی خۆیدا نەبێت؛ ئەمەش رۆحی کێشەکەیە! دەکریَ

[21] لەم بارەیەوە لەیەک چوونێکی زۆر لەگەڵ حاڵەتی خەباتی چەکداری فەلەستینییەکان، کە ئامانجێکی ئەو خەباتە هێشتنەوە و بەهێزکردنی شوناسی نەتەوەیی فەلەستینییەکان بوو، هەیە. بڕوانە بۆ نموونە: Pappe, Ilan (2006), P. 190.

بۆ لێکۆڵینەوەیەکی گرنگ دەربارەی رۆڵی خەباتی چەکداری لە شوناسی نەتەوەیی فەلەستینییەکاندا، بە تایبەتی، بڕوانە:
Khalidi, Rashid (2009), *Palestinian Identity: The Construction of Modern National Consciousness*, (Columbia University Press).

[22] لەیەک چوونێکی سەرنجڕاکێش لە نێوان خەباتی چەکداری پەکەکە لە لایەک وە هی فەلەستینییەکان لە لایەکی ترەوە ئەوەیە کە لە هەردوو حاڵەتدا نەتوانرا پارچەیەک خاک رزگار بکەن بۆ ئەوەی دویی یەکەیەکی سیاسی (کەم یا زۆر دەوڵەتی سەربەخۆ، یا فەرمانڕەوایی خۆیی) لەسەر ئەو خاکە رابگەیەندریَ. دەربارەی حاڵەتی فەلەستنی بە تایبەتی بڕوانە: Pappe, Ilan (2006), P. 190.

هەر ئەمەش هۆکارێکی گرنگ بێت وا بکات کە چالاکانی بواری خەباتی سیاسی و مەدەنی خوازیاری ئەوە بن کە خەباتەکەیان "رزگار ببێت" لە سێبەری قورسی قەندیل و خەباتە چەکدارییەکەی، کاتێک ئەوان، یا هەرنەبێ بەشێک لەوان، بە راشکاوی داوا دەکەن پەکەکە چەک دابنێ. هەر بۆ نموونە ماوەیەکی کەم بەر لە ئێستا سەلاحەدین دەمیرتاش لە گرتوخانەوە داوای کرد پەکەکە، لە پێناو بە ئاشتی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا، "**چەک دابنێ**." ئەم داوایەش یەکسەر پشتگیری لێ کرا لە لایەن ژمارەیەکی زۆر رەوشەنبیر، نووسەر و هونەرمەند لە تورکیا[23].

بە هەر حاڵ، بۆ مەبەستی ئەم باسەی بەردەست بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر پێدراوی یەکەم کە هی **جوگرافیا و قوڵایی ستراتیژیی** خەباتی چەکداریی پەکەکەیە، دەوەستم. چونکە هەر ئەم شێوازەی قۆناغبەندییەیە، کە هی بەراوردکارییە لەگەڵ خەباتی چەکداری فەلەستینییەکان، کە ئامرازە میتۆدیەکەی یەم لێکۆڵینەوەیە. دەکرێ پێدراوەکانی تر، بە پێی پێویست و لە جێگای گونجاو لە باسەکەدا، گفتوگۆیان لەسەر بکرێ یا ئاماژەیان پێ بدرێ.

لە رەهەندی هەرێمییەوە و گرێدراو بە ناهەمواری جوگرافیای سیاسی کوردستان، بە تایبەتی داخراوەیی، هەر زوو لە سەرەتاکانی دەستپێکردنی خەباتی چەکداری لە باکوری کوردستان، ئەو خەباتە رێک کەوتە سەر رێچکەی خەباتە چەکدارییە کلاسیکیەکەی باشوری کوردستان (١٩٦١-١٩٧٥ وە دواتر لە ١٩٧٦ تا ١٩٨٩). بەم واتایەش ئەم داخراوەییە وایکرد کە **رەهەندی جوگرافی و قوڵایی ستارتیجی** ئاوێتەی یەکتر ببن، واتە **هەر یەکێکیان ئەوەی تریان پێویست بکات**.

لە باشوری کوردستان هەر زوو، واتە لە سەرەتای ١٩٦٠کانەوە، **بژاردەی ستراتیژی** کەوتە سەر هاوپەیمانی لەگەڵ شای ئێران، واتە ئێران بوو بە **قوڵایی ستراتیژی** بزاڤە چەکدارییەکە. لەم قۆناغەدا پارتی دیمۆکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفای بارزانی پێشرەوایەتی ئەم بزاڤە و ئاراستە ستراتیژییەکەیان دەکرد. بە هەر حاڵ، تەنانەت دوای روخانی رژێمی شای ئێرانیش هەمان بژاردەی ستراتیژی جارێکی تر بووەوە بە بنچینە و بنەمای پەیوەندی دوو هێزە سەرەکییەکەی گۆڕەپانی بزاڤی چەکداری، واتە یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیمۆکراتی کوردستان (پێشتر ناسراو بە سەرکردایەتی کاتیی) لەگەڵ رژێمی ئایەتوڵلاکانی ئێران.

لە حاڵەتی خەباتی چەکداری پەکەکەش، ئەم نموونە مێژووییە خۆی کتومت دووبارە کردەوە، ئەویش لە شێوەی هاوپەیمانی پەکەکە لەگەڵ رژێمی حافز ئەسەد. ئەمە رێک ئاکام و چارەنووسی خەباتی چەکدارییە، کاتێک جوگرافیاکە **هەمان جوگرافیای سیاسی داخراوە**. لە راستیدا نەک هەر داخراوە، بەڵکو مەرجەکانی بوون و مانەوەی خەباتی چەکداری لەو جوگرافیا داخراوەدا **قوڵایی**

[23] "داواکارییەکی دەمیرتاش لە پەکەکە کاردانەوەی لێدەکەوێتەوە" لە پێگەی *شارپرێس*، ٢٠٢٢/٧/٢٩،
https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=207170 دەستگەیشتن ٢٩-٧-٢٠٢٢

www.burhanyassin.com

**ستراتیژی و شێوازی هاوپەیمانی** دیاری دەکات، کە ئەویش وڵاتی دوژمن یا **داگیرکاریی** ژمارە دووە، ئێران، سوریا. . . هتد. واتە ئەم ڕێسایەی هاوپەیمانیکردن لەگەڵ داگیرکاری دووەم لە پێناو جەنگان بەرامبەر بە داگیرکاری یەکەم وە خۆڕزگارکردن لێی، لە هەردوو حاڵەتدا (واتە حاڵەتی خەباتی چەکداری لە باشور و باکور) بووە هۆی بەرهەمهاتنی جۆرێک لە **کەلتوری سیاسی** کە دواجار بوو بە ڕێسایەکی سەرەکی لە، کەم یا زۆر، تەواوی بزاڤە چەکدارییەکان لە کوردستانی مەزن، بەڵام زۆر بە تایبەتی لە باشور و باکوری کوردستان. ئەم کەلتورە سیاسییە هی ئاوێتەبوونی دوو شتی زۆر دژ بەیەکە لە "**هاوپەیمانییەکدا**"، کەم من لە جێگای تر پێم گوتووە "هاوپەیمانیی ناموقەدەس": لە لایەکەوە ڕژێمێک هەیە کە بەشێکی تری کوردستان داگیر دەکات و هەموو جۆرێک لە ستەمی نەتەوەیی بەرامبەر کوردانی ئەو بەشەی کوردستان پەیڕەو دەکات، لە لایەکی دیکەوە بزاڤێکی چەکداری کوردستانی هەیە کە ناوی خۆی ناوە **بزاڤی ئازادیخوازی کوردستان**، بەڵام تا سەر یەسقان هاوپەیمان و وابەستەی ئەو ڕژێمە ستەمکار و داگیرکارەیە.

لەساڵی ١٩٩٨ سوریا و تورکیا گەیشتنە ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی سوریا کۆتایی بە بوونی ئۆجەلان لە سوریا و یارمەتییەکانی ئەو وڵاتە بۆ پەکەکە بهێنێت[24]. دواتر پرۆسەکە بە دەستگیرکردنی ئۆجەلان کۆتاییهات. ئەم ڕووداوە (واتە کۆتاییهێنان بە بوونی ئۆجەلان لە سوریا) لە سەرەتا و لە بەردەوامیشدا ئەو تەفسیرەی لە لایەک پەکەکەوە بۆکرا وەک ئەوەی ئەم ڕووداوە دەربڕی "کۆمپلۆ" یا پیلانێکی نێونەتەوەیی بێت. بەڵام هەر ئەو کاتە و لە بەردەوامیشدا من

---

[24] لە ڕاستیدا دوو دانە ڕێککەوتن لە نێوان سوریا و تورکیا کراون هەردووکیان بە ناوی ڕێککەتنی ئەدەنە: یەکەمیان لە ١٩٨٧ کە دوو خاڵی سەرەکی لەخۆ دەگرت: کۆتاییهێنانی یارمەتی سوریا بۆ پەکەکە، بەرامبەر بە "ئاوی ڕوباری فورات" لە تورکیاوە بۆ سوریا بە بڕی ٥٠٠ مەتر سێ جا لە چرکەیەکدا.
ڕێککەوتنی دووەمیان، هەر بە ناوی ڕێککەوتنی (ئەدەنە)وەیە، لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٨ سوریا و تورکیا گەیشتنە ڕێککەوتنێکی گشتگیر. لە گۆشەبینینی دەوڵەتی تورکیاوە مەبەستی سەرەکی ئەم ڕێککەوتنە کۆتاییهێنان بوو بە یارمەتییەکانی سوریا بۆ پەکەکە، تەنانەت یارمەتیدانی سوریاش لە دەستگیرکردنی سەرۆکی ئەو حزبە، عەبدوڵلا ئۆجەلان. خاڵە سەرەکییەکانی ڕێککەوتنەکە: ١) نابێت سوریا ڕێگا بدات بە هیچ چالاکییەک کە ئاسایش و سەقامگیری تورکیا بخاتە مەترسیەوە؛ ٢) سوریا ڕێگا بە پەکەکە نادات کە هیچ بنکەیەکی نوێ لەو وڵاتە دابمەزرێنێ؛ ٣) سوریا پەکەکە وەک "ڕێکخراوێکی تیرۆریستی" دەناسێنێ؛ ٤) سوریا ڕێگا نەدات بە ئەندامانی پەکەکە کە لە ڕێگای ئەو وڵاتە (سوریا)وە بچن بۆ وڵاتی سێهەم؛ ٥) ئۆجەلان لە سوریا نیە، ڕێگاشی بێنادرێت کە جارێکی دیکە بگەڕێتەوە سوریا؛ ٦) ئەگەر سوریا ئەم خاڵانەی جێبەجێنەکرد، ئەوا تورکیا بۆی هەیە بە قوڵایی ٥ کیلۆمەتر لە ناو خاکی سوریادا ئۆپەراسیۆن دژ بە لایەنگرانی پەکەکە ئەنجام بدات.
جگە لەم خاڵانە بە پێداگری تورکیا دوو خاڵی دیکەش، وەک هاوپێچ (annex)، بە ڕێککەوتنەکەوە لکێنراون: ١) دەبێ سوریا کۆتایی بە سیاسەتی "دنەدانی" دەوڵەتانی دیکەی ئەندام لە کۆمکاری عەرەبیدا، دژ بە تورکیا، بهێنێ؛ ٢) پێویستە سوریا یارمەتیدەربێ لە دەستگیرکردنی عەبدوڵلا ئۆجەلان. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ڕێککەوتنی یەکەم بڕوانە بۆ نموونە:
Maden, Tugba Evrin (2012) ”The Water Issue From Past To Present In Turkey-Syria Relations,” https://www.riob.org/fr/file/272226/download?token=1302-GS9 دەستگەیشتن ٢٠٢٠/٧/٨

بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ڕێککەوتنی دووەم بڕوانە: *Republic of Turkey, Ministry of Foreign Affairs*,
http://www.mfa.gov.tr/_p_statement-made-by-ismail-cem_-foreign-minister_-on-the-special-security-meeting-held-between-turkey-and-syria_br_october-20_-1998_br__unofficial-translation___p_.en.mfa
دەستگەیشتن ٢٠٢٠/٧/٨

بۆچوونێکی زۆر جیوازترم لەو رووداوە خستۆتە روو: ئەم رووداوە، وەک نسکۆکەی خەباتی چەکداری بوو لە باشوری کوردستان لە ئاداری ١٩٧٥ روویدا. واتە رووداوەکە زیاتر دەربڕی هەڵوەشانەوە، شکست و کۆتایی ئەو "**هاوپەیمانییە**" بوو کە هەر لە سەرەتای ١٩٨٠کان ببوە فۆرمی پەیوەندییەکانی نێوان پەکەکە و رژێمی ئەسەد. بەڵام رووداوی دەرکردنی ئۆجەلان و ئەو شکستەی بەر پەکەکە کەوت، چەند جیاوازییەکی لەگەڵ نسکۆکەی ١٩٧٥ هەبوو، وە بەم چەند جیاوازییەش پەکەکە توانی بمێنێتەوە و دواتر بەردەوامی بە خەباتی چەکداریەکەی خۆی بدات، واتە بەبێ بوونی ئەم جیاوازییانە بە ئەگەری زۆر چارەنووسی بزاڤی چەکداری پەکەکەش هەر وەک ئەوەی باشور "ئاشبەتاڵ" دەبوو: ١) بوونی "بۆشاییەکی ئاسایشیی" لە باشوری کوردستان، بە تایبەتی لە ناوچە شاخاوییەکانی نزیکتر لە سنوری ئێران، کە هێزەکانی پەکەکە توانیان رووبتێبکەن و هەر لەوێش خۆیان رێکبخەنەوە؛ ٢) بوونی میدیایەکی بەهێز، بە تایبەتی مێد-تیڤی، کە توانی ببێتە یاریدەرێکی گرنگ بۆ پاراستنی پەکەکە لە شکستێکی براوبڕ؛ ٣) بوونی توانایەکی مرۆیی گەورە و کاریگەری پاڵپشتی پەکەکە لە تاراوگە، بە تایبەتی لە ئەورووپای رۆژئاوا، وە ئامادەییەکی بێوێنەی ئەم توانا مرۆییە بۆ یارمەتیدانی پەکەکە؛ ٤) پێویستی تورکیا بەوەی وێنەی خۆی لە ئەورووپا "جوان" پیشان بدات، بە هیوای ئەوەی دەرگای ئەندامێتی بۆ بکرێتەوە، دەستگیرکردنی ئۆجەلان نەبوو بە کۆتایی ئەم سەرکردەیە، بەڵکو بە پێچەوانەوە پەراوێزێکی گەورەی مانۆوەر بۆ ئەو سەرکردەیە رەخسا، کە دواجار ئەم پەراوێزی مانۆوەرە **بووە فاکتەرێکی گرنگ بۆ دوو دانە مانەوە:** أ- مانەوەی ئۆجەلان لە لایەک، وە ب- مانەوەی پەکەکە لە لایەکی دیکەوە؛ ٥) پەکەکە خاوەنی سەرمایە و نەختینەیەکی زۆر بوو، کە بەشی زۆرتری ئەم سەرمایەیەش لە جیهانی رۆژئاوا کۆکرابوویەوە. جگە لەوەش بەشێکی باشی ئەم سەرمایەیە خرابوویە بواری جیا جیای وەبەرهێنانی ئابووری.

بە هەر حاڵ، ئەوەی پێویستە جەختی لەسەر بکرێتەوە ئەو راستییەیە کە قۆناغی دوای دەستگیرکردنی ئۆجەلان قۆناغی چڕبوونەوەی بە لوبنانیکردنی هەرێمی کوردستان بووە، چونکە دواجار لەساڵانی دواییدا شەڕی تورکیا و پەکەکە، کەم یا زۆر، تەنها لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان بەرێوە چووە. هاوتەریبیش لەگەڵ ئەو پێشوەچوونە، رۆژ دوای رۆژ بارگرژی و تەنانەت ترس لە بەریەککەوتنی خوێناوی هێزەکانی پەکەکە لەگەڵ هێزە چەکدارەکانی هەرێمی کوردستان، بەڵام زۆر بە تایبەتی هێزەکانی سەر بە پارتی دیمۆکراتی کوردستان، زیاتر بووە. جگە لەوەی بزاڤی چەکداری پەکەکە لە هەرێمی کوردستان و چڕبوونەوەی روبەروبوونەوە لەگەڵ هێزەکانی تورکیا، وای لە زۆرێک لە لادێنشینانی ناوچە سنوورییەکان کردوە ناوچەکانیان جێبهێڵن و زیانی زۆریان بەر بکەوێت. ئەم چڕبوونەوەی بەریەککەوتن و پێکدادانی نێوان پەکەکە و تورکیا، ساڵانی نێوان ١٩٧٦-١٩٨٢ی بەریەککەوتنی فەلەستینییەکان و ئیسرائیلمان، لەسەر خاکی لوبنان، بیردەخاتەوە.

ئێستا دەبێ، لە گۆشەبینینی بەراوردکارییەوە، بپرسین ئایا لە دوانەی تیوری و واقیعدا چی دەتوانین بڵێین دەربارەی چالاکییە سەربازییەکانی رابردووی فەلەستینییەکان لە لوبنان لە لایەک وە چالاکییە سەربازییەکانی پەکەکە لە هەرێمی کوردستان لە لایەکی ترەوە؟

لە رووی **مۆراڵیی و تیورییەوە**، ئەوەی پەیوەندیدارە بە بانگەشەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و ناسیۆنالیزمی فەلەستینی، ئەو بانگەشە سادەیە بووە کە کێشەی فەلەستین **کێشەی هەموو نەتەوەی عەرەبە**، وە بەم پێیەش دەبێ هەموو وڵاتانی عەرەبی ئامادە بن بۆ یارمەتیدانی فەلەستینییەکان وە دەرگاشیان بۆ وەرگرتن و لەباوەش گرتنیان کراوە بێت. بەڵام کە تەماشای واقیعی فەلەستینییەکان دەکەین، بە پەیوەندی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی، دەبینین هەمەڕەنگییەکی زۆر هەیە لە پەیوەندییەکاندا، هەر لە پشتگیری تا ئەوپەڕی بەریەککەوتن، خوێنڕێژی و دوژمنایەتی لە نێوان فەلەستینییەکان لە لایەک وە وڵاتانی عەرەبی لە لایەکی ترەوە. بەسەرهاتی چالاکییە چەکدارییەکانی فەلەستینییەکان لە هەرسێ قۆناغە جوگرافییەکەیدا (غەزە، ئوردن، لوبنان) ئەوە پشتڕاست دەکاتەوە کە خاڵی لاوازی خەباتی چەکداری فەلەستینییەکان ئەوە بووە کە ئەو خەباتە **نەک** هەر لە رۆخەوە دژی ئیسرائیل پەیڕەو کراوە، بەڵکو تەنانەت لە دوو قۆناغی دوایی ئەو خەباتە بە تەواوەتی براوەتە دەرەوەی خاکی فەلەستین (دەرەوەی رۆخ)، واتە براوەتە **رۆخی** رۆخ. دەرەنجام، ئەوە پشڕاست کراوەتەوە کە، سەرەڕای بوونی هەندێ بنەمای مۆراڵی-ئایدیۆلۆژی کە هاوئاهەنگی نێوان فەلەستینییەکان و وڵاتانی عەرەبی جەخت دەکەنوە، بەڵام لە راستیدا چەکدارە فەلەستینییەکان بوونەتە بەشێک لە کێشەکانی رۆخی رۆخ، هەندێک جاریش دووچاری یەکلاکردنەوەی خوێناویش بوونەتەوە لە گەڵ دەسەڵاتدارە عەرەبییەکانی رۆخی رۆخ.

لە بەرامبەردا ئەم حاڵەتە عەرەبی-فەلەستینییە، دیسان لە رووی مۆراڵی و ئایدیۆلۆژییەوە، تێگەیشتنێکی کوردانە هەبووە بۆ بانگەشەی پەکەکە کە **کوردستانی مەزن هی هەموو کوردانە** و بوونی چەکدارانی ئەو حزبەش لە هەرێمی کوردستان، لەم چوارچێوە تیورییەدا، شتێکی ئاسایی و سروشتییە. لە بەرامبەر ئەمەدا، لە هەرێمی کوردستان بۆچوونێک هەبووە، زۆر بە تایبەتی پارتی هەڵگری ئەم بۆچوونە بووە، کە **گۆڕەپانی راستەقینەی خەباتی پەکەکە** باکوری کوردستانە. هەر بە پێی ئەم بۆچوونەش، پەکەکە بۆی نییە لە هەرێمەوە ئۆپەراسیۆنەکانی دژی تورکیا ئاراستە بکات وە نە دەستیش لە **کاروباری ناوخۆی هەرێم** وەربدات. بەڵام پارتی لە هەڵسوکەوت و کردارەکانیدا دەکەوێتە دژایەتی لەگەڵ ئەم بۆچوونەی خۆیدا: ئەوەی جێگای سەرنج بووە، چ لە رابردوودا وە چ لە ئێستادا، پارتی بە هەموو شێوەیەک، تا رادەی حزوور و هەڕەشەی چەکداری، هەوڵی داوە هەژموونی خۆی لە بەشەکانی تری کوردستان بسەپێنێ. ئەم راستییە، بەبێ ئەوەی پێویست بکات پەنا بۆ مێژوویێکی زووتر ببەین، لە ساڵانی دواییدا بە روونی پشتڕاست بوویەوە، کاتێک دوای سەرهەڵدانی ئیدارەی خۆجێیی لە رۆژئاوای کوردستان، پارتی بە هەموو شێوەیەک

هەولَی داوە حزووری لەو بەشەی کوردستان هەبێت. سەرنەکەوتووی پارتی لەم هەوڵەیدا، واتە هەولَی حزوورێکی کاریگەر لە رۆژئاوای کوردستان، بەسەر پەیوەندییەکانی پارتی لەگەڵ فەرمانڕەوایی رۆژئاوای کوردستانبە تایبەتی و لەگەڵ پەکەکەش بەگشتی، بە نەرێنی (نێگەتیڤ) شکاوەتەوە. ئەم سیاسەتەی پارتی تەنانەت خۆی لە گەمارۆیەکی دلڕەقانەش بەرامبەر بە رۆژئاوای کوردستان دەربڕیوە. ئەمە لە کاتێکدا دۆخی خەڵک لەوپەڕی ناهەمواریدا بووە، جگە لە سیاسەتی دوژمنکارانەی دەوڵەتی تورکیاش لە تەنگپێهەڵچنینی ئەو بەشەی کوردستان و تەنانەت هێرشی سەربازیی بەردەوام لەسەر ئەو بەشەی کوردستان.

ئەو ناکۆکییەی کە لە هەناوی سیاسەتی پارتیدا هەیە، لە مەسەلەی مافی کوردانی بەشەکانی تری کوردستان لە هەرێمی کوردستان لە لایایەکەوە وە لە لایەکی ترەوە مافی **بوونی خۆی** (واتە پارت) لە بەشەکانی تری کوردستان، تەنانەت بە چەکیشەوە، هەموو بەهانەکانی ئەو حزبە بەرامبەر بە بوونی پەکەکە لە هەرێمی کوردستان بێ بنەما دەردەخات. مرۆڤ دەتوانێ بە ئاسانی بپرسێ ئایا پارتی بۆ هێزێکی، کەم یا زۆر، ٧ هەزار کەسی بەناوی "هێزی رۆژ" لە کوردانی رۆژئاوای کوردستان پێکهێناوە و تێچووی ئەم هێزەش کراوەتە بارگراناییەکی ئابووری زۆر بەسەر هەرێمەوە، کە تێچووەکەش مانگانە بە ٢٥٠ ملیار دینار مەزندە کراوە[25]، ئەگەر مەبەست بەکاربردنی ئەو هێزە نەبێت **دژ بە، یا لە ناو**، رۆژئاوای کوردستان و بەرامبەر بە پەکەکە؟ کەواتە، ئەوەی پارتی دەیڵێت بەرامبەر بە چالاکییەکانی پەکەکە لە هەرێمی کوردستان، تەنها "دوو فاقی" و پڕ لە ناکۆکییە وە ناسازییەکی ئاشکرایە لە نێوان بانگەشە لە لایەک، وە کردار لە لایەکی ترەوە. بە هەر حاڵ، هەڵوێستی ئەو حزبە ناتوانێ "بە ناوی حکومەتی هەرێمەوە" دەربڕی هەڵسەنگاندنێکی بێلایەنانە و بابەتییانە بێت. ئەگەرچی بەرپرسەکانی پارتی بەردەوام ئەوەیان دووپات کردۆتەوە کە "گرژییەکان لەنێوان پەکەکە و پارتی نییە، بەڵکو لەنێوان پەکەکە و حکومەتی هەرێمی کوردستانە"[26].

لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە نیشانەی پرسیار بخرێتە سەر حیکمە و سیاسەتی پەکەکەش، نەک هەر سەر سیاسەت و هەڵوێستی پارتی. بەڵام سروشتی ئەو نیشانەی پرسیارە، بە زەرورەت، پێ لە راستی و دروستی وە یا چەوتی سیاسەتی پارتی یا پەکەکە، لەمەڕ رەوایی بوونی هێزەکانی پەکەکە لە هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی کاتێک سروشتی کێشمەکێشەکە مۆراڵی و ئایدیۆلۆژییە. لە بەرامبەردا، ئەوەی پێویستە هەڵسەنگاندنی پێداوە واقیعییەکانە. گرنگە بە تایبەتی، لە هەڵسەنگاندنێکی ئەوهادا، جەخت بکەینەوە لەسەر **ژینگەی جوگرافیای سیاسی خەباتی چەکداری،**

---

[25] بڕوانە: "هێزەکانی رۆژ کێن و موچەی مانگانەی چەندە لە بودجەی هەرێم،" لە پێگەی *ستاندارد*، نیسان ٢٠٢٠.

http://skurd.net/2020/04/14/هێزەکانی-پێشمەرگەی-رۆژ-کێن-و-مووچەی-ما/ دەستگەیشتن ٢٠٢٢/٨/١٣

[26] بڕوانە بۆ نموونە: https://nrttv.com/News.aspx?id=45414&MapID=1 دەستگەیشتن ٢٠٢١/٦/٢٣

له چوارچێوەی سیاسەتی واقیعی (realpolitik)، دوور لە وروژاندنی هەست و نەست، پرۆپاگاندە و بانگەشە مۆڕالی و ئایدیۆلۆژییەکان.

لە ڕاستیدا ئەوەی کە لە بانگەشەکەی پەکەکەدا بە شێوەیەکی کاریسەئامێز کورتی هێناوە ئەم پرسیارە گەوهەرییەیە: ئایا لە کاتیکدا خەباتی چەکداری ئەو حزبە لە ڕۆخەوە، واتە لە باکوری کوردستان، بە قەدەر ئەوە کاریگەری نەبووە کە وابکات دەوڵەتی تورکیا گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە سیاسەتی خۆی بەرامبە دۆزی کورد بکات، ئەوە چییە وا ئەکات کە هەمان ئەو خەباتە چەکدارییە لە **دەرەوەی ڕۆخ**، یا لە **ڕۆخی ڕۆخەوە** (واتە لە هەرێمی کوردستانەوە)، بتوانێ کاریگەرییەکی ئەو تۆی هەبێت بەسەر سیاسەتی ئەو وڵاتەوە؟ جگە لەوەش، دوای ئەو هەموو وێرانکارییەی کە لە باکور لەو شێوازە لە خەبات کەوتۆتەوە، ئەوەتا هەرێمی کوردستانیش، لە ئاکامی گواستنەوەی ئەو خەباتی چەکدارییە بۆ ڕۆخی ڕۆخ، دووچاری چارەنووسێکی هاوشێوە بۆتەوە، واتە وێرانکاری و زیانی مرۆیی لەو ناوچانەی کە شەڕی نێوان لەشکری تورکیا و پەکەکە تیایدا ڕوودەدات. هەڵبەتە بە بەراورد بەو وێرانکارییەی کە زووتر بەر باکوری کوردستان کەوتووە، ئەوەی باشوری کوردستان، هەر نەبێ تا ئێستا، زۆر سنووردار بووە. بە هەر حاڵ، "ڕاگواستنی ملیۆنان کورد و وێرانکردنی زیاتر لە ٣٠٠٠ لادێ لە باکووری کوردستان تەنیا بە سیاسەتی شۆڤینیزمی تورکیا تەفسیر ناکرێ، بەڵکو ئەم ڕاگواستنە بەشێکە لە کاردانەوەکانی ڕژیم بەرامبەر خەباتی چەکداری. لە ئاکامی لێکۆڵینەوەیەکدا دەرکەوتووە کە ژمارەی ئەو لادێیانەی لە نێوان سالانی ١٩٩٦-١٩٩٩ ویران کراون زیاترن لە ژمارەی ئەو لادییانەی کە لە نێوان سالانی ١٩٧٦ تا ١٩٩٦ ویران کراون."[27]

لە کاتێکدا ئەم هەموو کاولکارییە تا ڕادەیەکی زۆر پەیوەندیدارە بە خەباتی چەکدارییەوەیە، لەبەرامبەریشدا دەبێ بپرسین ئەو زیانە مرۆیی و ماددیانە چین کە لەم شەڕەدا بەر دەوڵەتی داگیرکار، واتە تورکیا، کەوتوون؟ ئەم پرسیارە زۆر گرنگە، چونکە ئەگەر ئەو زیانە ئەوەندە گەورە نەبێت کە وا لە تورکیا بکات سیاسەتی لەمەڕ کێشەی کورد بگۆڕی، ئەوا مانای وایە کە هەرگیز ئەو خەباتە چەکدارییە نەیتوانیوە ئامانج بپێکێ. لە ڕاستیدا لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە لە کۆتایی ١٩٩٠کان کراوە ئەم زیانە مرۆییانە خەملێنراون، کە لە شەڕی دەوڵەت و پەکەکە بەر تورکیا کەوتوون، وە دەرکەوتووە کە ژمارەی قوربانییانی ئەو شەڕە کەمترن لە قوربانیانی ڕووداوەکانی هاتوچۆ. ئەوەشی کە گرنگترە ئەوەیە کە **زۆربەی** قوربانیەکانی ئەو شەڕە (لە نێوان ١٩٨٤ و ٢٠٠٥) کە بە ٣٠٠٠٠ کەس مەزەندە کراون، مەدەنی بوونە[28]. جگە لەوەش، زۆر گرنگە ئەوە بزانرێ کە ئەم مەدەنیانە زۆربەی هەرە زۆریان کوردن، بە تایبەتی خەڵکی لادێ نشینانی

---

[27] یاسین، د. بورهان أ.، (٢٠٠٠)، "شکست و سیاسەتی گۆڕینی شکست بە 'سەرکەوتن'،" ڕۆژنامەی *پەیام*، ژمارە٢١، فیبروەری ٢٠٠٠، لاپەڕە ٩؛ هەروەها هەمان بابەت لە: یاسین، د. بورهان أ.، (٢٠٠٢) *ئەوەی ئەمڕۆ سیاسەتە، سبەی مێژووە*، لاپەڕە ١٥١.

[28] Vick, Karl (2005), "In Turkey, new fears that peace has passed," in *The Washington Post*, 10/05/2005.

www.burhanyassin.com

کوردستان بوونە، بە تایبەتی ئەو شوێنانەی ببوونە گۆڕەپانی پێکدادانەکانی نێوان هێزەکانی دەوڵەت و پەکەکە. زیانە ئابوورییەکان، وەک تێچووی جەنگ، ساڵانە بە ٨ ملیار دۆلار خەملێنراوە، وە ئەمەش هۆیەکی گرنگ بووە بۆ ئەو راستییەی کە ساڵانە ناهاوسەنگی کەوتۆتە ناو بودجەی تورکیاوە، بە مانای کورتهێنان لە بودجەدا[29]. جگە لەوە لە ساڵی ٢٠١٢، لە ئاماژەیەکدا بۆ زیانەکانی جەنگ، ئەردۆغان گوتی "تاوەکو ئەمڕۆ دەوڵەت ٣٥٠ ملیار دۆلاری لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆردا خەرج کردووە"[30]. پەکەکە، لە لای خۆیەوە، بە خۆشحاڵییەوە باس لەم زیانە گەورەیە دەکات کە بەر دەوڵەتی تورکیا دەکەوێ وە وەک "سەرکەوتنێکی" خەباتی چەکداری باسی لێوە کردووە. بەڵام لە راستیدا ئەوەی کە زیانە بۆ ئابووریی تورکیا، دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ هێزە چەکدارەکانی تورکیا و پیشەسازیی سەربازیی، پیشەسازییەک کە لە پەیوەندی توندوتۆڵدایە لەگەڵ هێزی سەربازیی وڵات. جگە لەوەش، شەڕی تورکیا و پەکەکە کاریگەرترین ئامرازە بۆ ئەوەی هێزی سەربازی پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی بەهێزتر بکات و تەنانەت دەوڵەتیش بە بارمتە بگرێت: ئەم شەڕە ساڵانێکە بووە بە کارخانەی بەرهەمهێنانی دەستکەوتی **ئابووری**، **سەربازیی** و **سیاسیی** بۆ هێزی سەربازیی تورکیا، بەڵام لەولاشەوە بووە بە هۆی کاولکاری و تراژیدیای مرۆیی بۆ ناوچە کورد نشینەکان!

لە راستیدا ئەو زیانە سیاسی و دیپلۆماسییانەی کە بە هۆی خەباتی چەکدارییەوە لە دۆزی کورد، لە باکوری کوردستان، کەوتوون کەمتر نین لەو کاولکارییە ماددی و زیانە مرۆییەی کە پێشتر باس کرا. پێشتر لە لیکۆڵینەوەیەکدا ئەوە خەجتکراوەتەوە کە بە هۆی ئەم جۆرە لە خەبات تورکیا:

> بە جوانی لەوەدا سەرکەوت کە هەرنەبێ پشتگیری جیهانی رۆژئاوا مسۆگەر بکا بۆ دژایەتیکردن و گەمارۆدانی دیپلۆماسییانەی راپەرینی چەکداریی پەکەکە، بە تایبەتی لە ڕێگەی ئەوەوە کە سیفەتی تیرۆریزم بخاتە پاڵ ئەو جوولانەوەیە. [. . .] هەڵبەتە پەیوەندی و هاوکاری سیاسی و ستراتیژی پەکەکە لە چوارچێوەی جوگرافیای سیاسی و ئایدیۆلۆژی خەباتیدا، بە هەندێ وڵات و هیزەوە لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، کە [بە] بەرەی پشتگیری تیرۆریزم یان بە تیرۆریست

[29] Beriker-Atiyas, Nimet (1997), "The Kurdish Conflict in Turkey: Issues, Parties and Prospects", in *Security Dialogue,* Vol. 28, No. 4. pp. 439, 441; Biegala, Eric (1998), "Mixed blessings from GAP project for Turkey's South-East," in *Turkey Update,* 30 Dec. 1998.

[30] http://rudaw.net/kurdish/index.php/kurdistani/13668-PKK-350.html ٢٠١٢/٥/١١ دەستگەیشتن

بەرامبەر ئەم هەموو تێچووەی جەنگە کە تەنها بە کاولکاری باکوری کوردستان تەواو بووە، تورکیا تا ئێستا، لە ماوەی سەد ساڵی رابردوودا، یەکەم جارە پرۆژەیەکی گەورەی پەرەپێدانی ئابووری-کۆمەڵایەتی لە ناوچە کورد نشینەکانی ئەنجام دەدات. ئەم پرۆژەیە (گاپ – *Güneydoğu Anadolu Projesi*) راستەوخۆ ٩ لە پارێزگاکانی باکوری کوردستان پەیوەندیدار دەکات و تێچووەکەی ٣٢ ملیارە. گاپ لە کۆتایی ١٩٧٠کان، یەکەم جار بە ناوی پرۆژەی باکوری فورات، دەستی پێکرد وە مەبەست لێی بونیادنانی ٢١ بەنداوی ئاو بوو، کە گەورەترینیان بەنداوی ئەتاتورکە و دەکەوێتە ناوچەی رەحا (شەنلی ئورفە یا ئورفە). تەنها تێچووی ئەم بەنداوە زیاتر لە ٣ ملیار دۆلارە. شایەنی گرنگپێدانە کە تورکیا بەشێکی لە تێچووی ئەم پرۆژە ستراتیجییەی قەرز کردووە.

ئەم زانیارییانە لە رەشنووسی کتێبێکی نووسەر وەرگیراون کە هێشتان بە چاپ نەگەیشتووە.

ناسرابوون، رۆڵی نیگەتیڤی هەبووە لەم بوارەدا[31].

بە مانایەکی تر، پەکەکە بە دانانی چەک لە ئەمڕۆدا، هەروەک لە حاڵەتی دانانای چەک لە لایەن ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستینی، دەتوانێ کۆمەڵێ ئامانج بپێکێت کە گرنگترینیان **بێ کاریگەریکردنی ماکینەی وێرانکاریی** شەڕ، ڕقی تۆڵەسەندنەوەی هێزە شۆڤینیستەکانی دەسەڵاتدارانی تورکیا و دامودەزگا جۆراوجۆرەکانی زەبروزەنگی ئەو وڵاتە. جگە لەوەش هەنگاوێکی ئەوها کاریگەرترین ئامرازەکانی گەمارۆ و دۆرپێچکردنی سیاسی و دیپلۆماسی دەوڵەتی تورکیا لەسەر کورد، کە بە هۆی لێدانی مۆری "تیرۆریزم" لە پەکەکە دەستیکەوتووە، تێکدەشکێنێ و بێکاریگەری دەکات. بەم شێوەیەش، هەر وەک لە حاڵەتی فەلەستینییەکاندا، لە ماوەیەکی کەمدا توانا مرۆی و سیاسییەکانی گەلی کورد لە تورکیا ڕزگار دەبن لەو سێبەرە قورسە، دوای ماوەیەکی کەمیش کورد لە تورکیا لە پێگەی "تیرۆریست" دەچێتە پێگەی ئاشتیخواز و قوربانی. ئەمە ڕێک بەسەرهاتی فەلەستینییەکان بوو!

## گفتوگۆی زیاتر و دەرەنجام

لە نۆڤێمبەری ١٩٨٨ لە جەزائیر، لە لایەن یاسر عەرەفاتەوە، بە شێوەیەکی ڕەسمی و یەکلاکەرەوە دەستبەرداربوونی یەکجارەکیی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستینی لە خەباتی چەکداری ڕاگەیاندرا. لە هەمان کاتدا، ئەوەش ڕاگەیاندرا کە لەمەودوا فەلەستینییەکان **تەنها ئامرازە سیاسی و دیپلۆماسییەکان** بەکار دەبەن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان. یەکێک لە کاردانەوە هەرە گرنگەکان، تەنها دوو هەفتە دوای ڕاگەیاندنەکەی عەرەفات، داننانی بێ پەناوپێچی ئەمریکا بوو بە ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستینی[32] و کردنەوەی دەرگای دایەلۆگ بوو لەگەڵیدا. جگە لەوەش لە کاتێکدا بە درێژایی ساڵانی زۆر، خەباتی چەکداری فەلەستینییەکان توانا و کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو کە تەنانەت بەشێکی کەمیش لە کۆمەڵگای ئیسرائیلی وا لێ بکات کە باوەڕ بە دایەلۆگ و چارەسەری کێشەی فەلەستینی بێنێت، بەڵام لە بەرامبەردا، ڕاگەیاندنی کۆتاییهێنان بە خەباتی چەکداری، وایکرد کە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا کە، هەر نەبێ، تا ڕادەی نیوەی کۆمەڵگەی ئیسرائیلی ببێ بە لایەنگری گفتوگۆ لەگەڵ PLO. جگە لەوەش ئەم هەنگاوەی فەلەستینییەکان: ١) بوو بە ئامرازێکی هەرە کاریگەر بۆ تێکشکاندنی گەمارۆی سیاسی و دیپلۆماسی سەر فەلەستینییەکان؛ ٢) بوو بە "باشترین شێوازی **بێکاریگەرییکردنی ماکینەی جەنگیی ئیسرائیلییەکان**؛" هەروەها ٣) بوو بە "ڕێگا خۆشکەرێک بۆ کۆنفرانسی ئاشتی مەدرید لە پایزی ١٩٩١، کۆنفرانسێک کە، کەم یا زۆر، هەموو

---

[31] یاسین، د. بورهان أ.، (٢٠٠٠)، لاپەرە ١١؛ هەروەها هەمان بابەت لە: یاسین، د. بورهان أ.، (٢٠٠٢)، لاپەرە ١٥٧.
[32] Ilan Pappe, (2006), P. 234.

جیهان تیایدا بەشدار بوو"[33]. هەڵبەتە پێویستە ئەوەش بگوترێ کە ئەو فاکتەرانەی کە ڕێگاخۆشکار بوون بۆ کۆنفرانسی مەدرید زۆرن و تەنها بڕیاری چەکدانانی فەلەستینییەکان نییە[34].

لە چڕکردنەوەی بەراوردکاری نێوان خەباتی چەکداری فەلەستینییەکان لە لایەک وە هی پەکەکە لە لایەکی ترەوە، دەتوانین لەم چەند خاڵەی خوارەوە ئەم بەراوردە بخەینە ڕوو. ئاشکراشە کە مەسەلەی وازهێنانی یەکجارەکی فەلەستینییەکان لە خەباتی چەکداری گرنگییەکی تایبەتیی وەردەگرێت لە چڕکردنەوەی بەراوردکارییەکەدا:

١) خەباتی چەکداری فەلەستینییەکان لە ١٩٥٠کان لەسەر خاکی فەلەستین، لە غەزە، لە لایەن ڕێکخراوی فەتح[35] دەستیپێکرد بۆ ئەوەی لە قۆناغی دووەمدا، دوای شەڕی حوزیرانی ١٩٦٧، ئەم خەباتە بنکەی لێوەدەرچوونی ئۆپەراسیۆنەکانی بگوازرێتەوە ئوردن وە دوای سێپتێمبەری ١٩٧٠ش لە ئوردنەوە بگوازرێتەوە لوبنان. لە ساڵی ١٩٨٢، لەگەڵ هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر لوبنان و و داگیرکردنی بەیروت، ئیتر یاسر عەرەفات و چەکدارانی فەلەستینی لوبنانیان بەجێهێشت، وە ئەم ڕووداوەش بووە کۆتایی کرداریی و ڕاستەقینەی خەباتی چەکداری فەلەستینییەکان، بەڵام ئەم کۆتاییە بە ڕەسمی، دوای ئینتفازەکەی ١٩٨٧[36]، لە ساڵی ١٩٨٨ ڕاگەیاندرا.

لە بەرامبەردا، ئەگەرچی چەند جارێک پەکەکە، هەر لەو کاتەی کە ئۆجەلان لە ئیتالیا بوو وە چاوەڕوانی چارەنووسی خۆی ئەکرد، ڕایگەیاندوە کە ئیتر ئامادەیە واز لە خەباتی چەکداری بهێنێت، بەڵام هەموو جارێکیش ئەم هەوڵانە بە پاشگەزبوونەوە/پاشگەزکردنەوە کۆتاییهاتوون. لە دیمەنێکی گشتیدا، هەموو بڕیارەکانی وازهێنان لە خەباتی چەکداری لە لایەن پەکەکەوە خۆیان لە قاڵبێکی **تاکتیکیدا** دەبینییەوە. ئەمە بە پێچەوانەی حاڵەتی فەلەستینی، کە دواجار دەرکەوت بڕیاری فەلەستینییەکان بە دانانی چەک بێ دوودڵی و لە ئاستێکی "ستراتیژی" جێگیردا بوو. لە باسێکمدا لە ڕۆژنامەی *پەیام*، ساڵی ٢٠٠٠، چەند هۆکارێکم بۆ ناسەرکەوتووی بڕیارەکانی وازهێنان لە چەک لە لایەن پەکەکەوە و گەڕانەوە بۆ خەباتی چەکداری خستۆتە ڕوو. ئەمڕۆ ٢٢ ساڵ دوای ئەم باسە، هەمان ئەم هۆکارانە (ڕێک وەک خۆیان و بێ دەستکاری) دەخەمە ڕوو، لە

---

[33] یاسین، بورهان أ.، (٢٠٢٢)، "کورد لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا: ڕێکەوتنی سوید، فینلاند و تورکیا بە نموونە،" ٢٠٢٢/٨/٤، لاپەڕە ١٧–١٩، لە: https://burhanyassin.com/Swid%20u%20Nato%2022.pdf دەستگەیشتن ٢٠٢٢/٨/١٥

[34] بورهان أ. یاسین، (٢٠٢٢)، لاپەڕە ١٨، پەراوێزی ژمارە ٣٠.

[35] غەزە لە ١٩٤٩وە، واتە لە دوای ڕاگەیاندنی ئاگربەست لە نێوان دەوڵەتی تازە لە دایکبوو (ئیسرائیل) لە لایەک وە دەوڵەتانی عەرەبی لە لایەکی ترەوە، لە لایەن میسرەوە، وەک بەشێک لە خاکی فەلەستین، ئیدارە دەکرا تا هەڵگیرسانی شەڕی حوزەیرانی ١٩٦٧. لەم شەڕەدا ئیسرائیل غەزە، کەناری ڕۆژئاوا، بەرزاییەکانی جۆلان و نیوەدورگەی سینای داگیرکرد.

[36] ئیتیفازەی فەلەستینییەکان لە ژێر فەرمانڕەوایی داگیرکاریی ئیسرائیلی و بەشە داگیرکراوەکەی فەلەستین لە ساڵی ١٩٨٧، وەرچەرخانێکی زۆر گەورە بوو لە مێژووی ململانێی فەلەستینی–ئیسرائیلیدا. هەروەها ئەم ڕووداوە کاریگەریی هەبوو لەسەر بڕیاری کۆتاییهێنان بە خەباتی چەکداری لە لایەن فەلەستینییەکانەوە.

www.burhanyassin.com

هەمان کاتیشدا، دوای ئەو هەموو ساڵە، پرسیار دەکەم: ئایا بۆ بە لای پەکەکەوە دانانی چەک، وەک ستراتیج، بڕیارێکی ئەستەم بووە و ئێستاش هەر ئەستەمە؟:

١) دانانی چەک خۆئامادەکردنێکی دەروونی–سیاسی پێویستە و پرۆسەی پەروەردەکردنی کادر و چەکهەڵگرەکان دەخوازێ، وەک ئامادەکراییەک بۆ دانانی چەک. چەک بۆ زۆر کەس فەلسەفە و قەناعەت و ناسنامەیە، هەڵگێڕانەوەی ئەم هاوکێشەیە [. . .] مەسەلەیەکی قورسە و کاتی دەوێ.

٢) ژەنەراڵەکان و هێزە شەرخوازەکان دەخوازن شەر بەردەوام بێ. بۆ فاشیزم شەرێکی سنووردار زەرورەتە.

٣) هێزە ئیقلیمییەکان، بە تایبەت ئێران، ڕۆڵێکی خراپیان دەبێ و حەز دەکەن شەڕ و سەرئێشەیەک هەبێ بۆ تورکیا. ئەم ئەگەرە، لە حاڵەتی ئێراندا، لەگەڵ بەهێزبوونی توندرەوەکان لە بازنەی دەسەڵاتی ئێراندا، بەهێزتر دەبێ.

٤) نەفەسکورتی پەکەکە و بە تایبەت هی سەرۆکەکەی، کە دەخوازن بەرهەمی دانانی چەک دەمودەست ببینن.

٥) لەوانەیە ترسی پەکەکە، لەوەی کە گروپێکی لێ جیا ببێتەوە و [هەر ئەو گروپەش] بگەڕێتەوە سەر خەباتی چەکداری، وا بکا کە ئیتر تەواوی پەکەکە لە بڕیاری خۆی پاشگەز بێتەوە، چونکە هەر گروپێکی تر جیا بێتەوە لە پەکەکە و بەردەوامی بدات بە خەباتی چەکداری و پشتگیری جەماوەریش بەدەست بهێنێ، ئەوا پەکەکە ڕەوایی سیاسی لەدەست دەدا. دیارە پەکەکە لەبەر سروشتە ئایدیۆلۆژییەکەی و کولتوورە سیاسی و ڕێکخراوەییەکەی ڕێگە بە پێشووەچوونێکی ئاوها نادا[37]!

نووسەری ئەم وتارە، هەر زوو لە سەرەتای ١٩٩٠کان، پێی وابوو کە کاتی هاتووە پەکەکە ستراتیژی چەکدانانی فەلەستینییەکان بگرێتە بەر، وە ئەم بۆچوونەشم، وەک پێشنیار لە ١٩٩٣ بەشێوەیەکی ڕەسمی و ڕاستەوخۆ گەیشت بە پەکەکە. من پێم وابوو بە دانانی چەک، هەروەک لە باسێکمدا بەر لە ٢٢ ساڵ هاتووە: ١) پەکەکە خۆی لە شێوە "هاوپەیمانییەک" ڕزگار دەکات کە هی **وابەستەییە** بە ڕژێمێکی داگیرکار، واتە سوریا؛ ٢) "دانانی چەک دانانی سنوورێک دەبوو بۆ پرۆسەی ماڵوێرانی ڕاگواستن و. . . هتد." ٣) "بە دانانی چەک ژەنەراڵەکان چەک دەکران و هەموو هێزی سەربازیی تورکیا بێ مانا دەکرا و کارتی تیرۆریزمیش لە دەست شۆڤینیستەکانی تورکیا دەردەهێنرا، بەم شێوەیەش خەباتی کورد لە (سیفەتی) تیرۆریزم ڕزگار دەکرا". ٤) "ئەو گۆڕانکارییە هەمەلایەنانەی کە لە کۆتایی هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکان بوونەتە ڕاستییەکی سەر مەیدانی سیاسەت و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان ئیتر مەودای بە شێوە خەباتی چەکداری تەسکتر و تەسکتر کردۆتەوە و ڕێگەی خۆشتر کردووە بۆ خەباتی سیاسی، بە تایبەتی لە تورکیا"[38].

---

[37] یاسین، د. بورهان أ.، (٢٠٠٠)، لاپەڕە ١٠-١١؛ هەروەها هەمان بابەت لە: یاسین، د. بورهان أ.، (٢٠٠٢)، لاپەڕە ١٦٠-١٦١. دەربارەی خاڵی پێنجەم، لەمەڕ ئەستەمبوونی دانانی چەک لە لایەن پەکەکەوە، پێویستە ئاماژە بە ڕاستییەکی گرنگ بکەین ئەویش ئەوەیە کە لە حاڵەتی فەلەستینیدا ڕێک ئەم شتە ڕوویدا، واتە هاوتەریب لەگەڵ وازهێنانی ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستینی لە خەباتی چەکداری، بزووتنەوەی (حماس – حرکە المقاومە الأسلامیە) بە جەختکردنەوەوە خەباتی چەکداری، هەڵبەتە بە شێوازی خۆی، کرد بە ستراتیژ و ڕەگەزی سەرەکی ناسنامەی خۆی.

[38] بۆ وردەکاری زیاتر و دەقی ئیقتیباسەکان، بڕوانە: هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١١؛ لاپەڕە ١٥٩.

٢) خەباتی چەکداری فەلەستینییەکان تەنها چەند ساڵێک (تا نسکۆی عەرەب لە ساڵی ١٩٦٧) لە سەر خاکی فەلەستین (لە غەزەوە، واتە لە رۆخەوە) ئەنجام دەدرا، بە دوو تێبینییەوە: أ- ئەم خەباتە لە رۆخێکی پڕ کێشە و لاوازی فەلەستینییەوە ئەنجام دەدرا، واتە دواجار فەلەستینییەکان شەڕەکەیان لە ناو ماڵی خۆیانەوە[39] دەکرد، نەک لە ناو قولایی ئیسرائیل (واتە لە ناو ماڵی دوژمن)، بەمەش ماڵوێرانی زیاتریان بۆ غەزە هێنا؛ ب- ئەگەر چی بە دیدی فەلەستینییەکان بزاڤی چەکداری دژی ئیسرائیل جولانەوەیەکی ئازادیخوازیی بوو، بەڵام ئەم بانگەشەیە نەیتوانی رێگا لەوە بگرێ کە، نەک هەر ئیسرائیل بەڵکو وڵاتە لایەنگرەکانی ئیسرائیلیش، ئەم جۆرە لە خەبات بە "تیرۆریزم" لە قەڵەم بدەن. ئەمەش یەکێک بوو لە هەرە سەرکەوتنەکانی ئیسرائیل بۆ **بێکاریگەرییکردنی خەباتی چەکداری** فەلەستینییەکان وە **سەپاندنی گەمارۆیەکی دیپلۆماسی و سیاسی کاریگەر** بەسەریاندا. گەمارۆکە بە تایبەتی لە جیهانی رۆژئاواوە کاریگەر، تەنانەت کوشندەش، بوو لەسەر خەباتی فەلەستینییەکان؛

هاوشێوەی حاڵەتی فەلەستینی، خەباتی پەکەکە لە قۆناغی یەکەمدا لە رۆخەوە (واتە لە باکوری کوردستانەوە) بەڕێوە دەچوو. هەر وەک پێشتر گوترا، ئەگەرچی ئەم خەباتی چەکدارییە، هەر وەک خەباتی چەکداری فەلەستینییەکان، توانی لە ئامانجی هوشیارکردنەوە و بەهێزکردنی رۆحی بەرەنگاری لە ناو کوردانی باکور سەرکەوتو بێت، بەڵام هەرگیز نەیتوانی قۆناغی دووەم (رزگارکردنی پارچەیەک خاک) و سێهەم (راگەیاندنی دەوڵەت لەسەر ئەو پارچە خاکە) بەدەست بهێنێ[40]. لە راستیدا تا کۆتایی هەشتاکان، هاوکات کۆتایی جەنگی سارد، قۆناغی یەکەمی ئەو

جێگەی خۆشیەتی بڵێم کە لە کۆتایی هەشتاکان و لە سەرەتای نەوەدەکان مەترسییەک لە قولایی باوەڕمدا جێگیر بوبوو ئەویش ئەوە بوو کە ئەگەرێکی بەهێز ئەوەیە کە رووداوی وازهێنانی شای ئێران لە جولانەوە چەکدارییەکەی بارزانی لە ساڵی ١٩٧٥، زوو یا درەنگ، لە نێوان سوریا و پەکەکەدا، وەک سیناریۆییەک، دووبارە بێتەوە!

[39] لە چەمکی "لە ماڵی خۆیانە"، وەک مێتافۆرێک بۆ خەباتی چەکداری لە رۆخەوە بەکارهاتووە وە لەمەشدا سوود لە بۆچونێکی سەرنجراکێشی نەوشیروان مستەفا وەرگیراوە کە لە ساڵی ١٩٨٩، دوای شکست و هەرەسی خەباتی چەکداری بۆ دووەم جار کورد لە باشوری کوردستان، کە لە دیمانەیەکدا لەگەڵ گۆڤاری بەربانگ باس لەوە دەکات کە دەبێ کورد لەمەودوا خەباتی چەکداری لە **ماڵی خۆیدا** نەکات، بەڵکو ئەم خەباتە بگوازێتەوە **ناوماڵی دوژمن**. بڕوانە: بورهان أ. یاسین، "چەند سەرنجێک دەربارەی خەباتی چەکداری نەتەوەیی کورد لە کوردستانی باشور،" لە گۆڤاری *یەکگرتن*، ژمارە ١٥، ساڵی ١٩٩٢، لاپەڕە ٥٢.

جێگای گرنگییە بڵێین کە دەکرێ چەمکی "ماڵ،" کە نەوشیروان مستەفا بەکاری بردووە بخرێتە قاڵبێکی تیورییەوە، بەمەش دەتوانین بڵێین "ماڵی خۆمان" هاوتای (رۆخ)ە و "ماڵی دوژمنیش" هاوتای ناوەندە. دەبێ ئاماژەش بەوە بدەین کە یەکەم جار، تا ئەو جێگایەی من ئاگادارم، باسی گوستنەوەی خەباتی چەکداری بۆ "مەرکەز" لە لێکۆڵینەوەیەکی گرنگی (د. عیسمەت شەریف وانلی)دا بانگەشەی بۆ کراوە دەربارەی جولانەوەی چەکداری لە باشوری کوردستان و شکستی ئەو جولانەوەیە، بڕوانە: وانلی، د. عصمت شریف (١٩٨٥)، "حول الاستراتيجيه السياسيه والعسكريه للحركه الوطنيه الكرديه،" *الدراسات الكرديه*، العدد ١-٢، السنه الثانيه، كانون الثانى ١٩٨٥، ص ٣٧-٣٨.

[40] دەکرێ دروستکردنی "هەرێمی قەندیل و زاپ،" وە دەستگرتن بە ئیدارەی "خۆسەری" رۆژئاوای کوردستان جۆرێک بێت لە **قەرەبوو کردنەوەی ئەو شکستە**. بە واتایەکی تر لەبەر ئەوەی پەکەکە سەرکەوتوو نەبوو لە راگەیاندنی فەرمانڕەوایی

خەباتە، واتە هۆشیارکردنەوە و جۆشوخرۆشدان، کەم یا زۆر بە ئامانج گەیشتبوو. واتە لە سەرەتای نەوەدەکانەوە ئەم خەباتە، کەم یا زۆر، نەک هەر لە جێگای خۆی وەستاوە، بەڵکو بە لەبەر چاو گرتنی گۆڕانکارییەکانی دواتر، هەر وەک هی فەلەستینییەکان، ئەم خەباتە لە رۆخەوە گوازرایەوە بۆ رۆخی رۆخ، واتە بۆ **هەرێمی کوردستان** (لوبنانی پەکەکە). گواستنەوەی خەبات لە رۆخ بۆ رۆخی رۆخ لە حاڵەتی فەلەستینییەکان کتوپڕ روویدا، واتە وەک ئاکامی جەنگی حوزەیرانی ١٩٦٧، کە جەنگێکی زۆر کورت بوو، بەڵام هی پەکەکە قۆناغ بە قۆناغ، یا راستتر بڵێین لەسەر خۆ، رویدا. هاوتەریب لەگەڵ ئەم خەباتە دوور و درێژەی پەکەکە، گەمارۆیەکی دیپلۆماسی و سیاسی نێودەوڵەتی، هاوشێوەی گەمارۆکەی سەر فەلەستینییەکان، لەسەرپێ بووە. کرۆکی گەمارۆکەش دانە پاڵی سیفەتی "تیرۆریست،" زۆر بە تایبەتی لە جیهانی رۆژئاواوە، بە پەکەکە. پەکەکە لە ساڵانی دواییدا خەریک بوو بە هۆکار و یارمەتی، ١) بە دامەزراوکردنی خەباتی خۆی لە جیهانی رۆژئاوا و ٢) ئەو فۆکەسەی لە ساڵانی دواییدا، بە شێوەیەکی ئەرێنی، کەوتە سەر ئەزموونی رۆژئاوای کوردستان و پەکەکە، بە تایبەتی لە روبەروبوونەوەی داعشدا، پەکەکە خەریک بوو رادەیەک لە سەرکەوتن لە لابردنی مۆری تیرۆریزم لەسەر خۆی بەدەست بهێنێ. بەڵام دەرەنجام، پەکەکە سەرکەوتوو نەبووە لە رزگاربوون لە "مۆری بە تیرۆریست زانین." لەوە دەچێ، ئیتر لە ئێستادا، هەوڵی پەکەکە بۆ رزگاربوون لەو "مۆرە" کەوتبێتە حاڵەتی پاشەکشە. ئەم حاڵەتەی پاشەکشەش بە ئەگەری زۆر، بە هۆی گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکان، بۆ داهاتووش درێژ دەبێتەوە!

٣) لە قۆناغی سێهەم و کۆتایی خەباتی چەکداری فەلەستینییەکان، واتە قۆناغی لوبنان ١٩٧٠-١٩٨٢، فەلەستینییەکان بوون بە کێشەیەکی گەورە بۆ ئاسایشی نیشتمانی لوبنان، کێشەیەک کە دواجار بە هێرشی ئیسرائیل لە ١٩٨٢ تەواو بوو، کە تیایدا بەیروت گیرا و کۆمەڵکوژییەکەی سەبرا و شاتیلا روویاندا و فەلەستینییەکانیش دوا پێگەی خاڵی لێوەدەرچوونی ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانیان لە لوبنان بە تەواوەتی لەدەستدا. پێویستیشە ئەوە بڵێین کە لە قۆناغی لوبناندا چەکدارانی فەلەستینی نەک هەر بوونە کێشە بۆ ئاسایشی نیشتمانی لوبنان بەڵکو ئەم چەکدارانە، وە بە گشتی PLO، بوونە بەشێک لە ململانێ ناوخۆییەکانی لوبنان، بە شێوەیەک کە دواجار ئەم حاڵەتە، نەک هەر بۆ لوبنانییەکان بەڵکو بۆ فەلەستینییەکانیش، باجی گەورەی لێکەوتەوە. جگە لەوەش فەلەستینییەکانی لوبنان ببوون بە هێزێکی ئەوتۆ کە وەک **دەوڵەت لە ناو دەوڵەت** هەڵسوکەوتیان دەکرد، رێک هەر وەک چۆن ساڵانێک دواتر حزبوڵڵای لوبنانی بوون بە دەوڵەت لە ناو دەوڵەت بەمەش، وەک "سەرئێشەیەک" بۆ لوبنان، جێگای (PLO)یان گرتەوە!؛

خۆی لەسەر پارچەیەک لە خاکی باکوری کوردستان ئەوا بێ گومان ئەو حزبە پێویستی بە پارچە خاکی تر دەبێت بۆ ئەوەی "نەموزەجی" خۆی لە ئیدارە و حوکمڕانی پیشانی لایەنگرانی خۆی و خەڵک بدات و بڵێت ئەمەیە دەستکەوتی خەباتی چەکدارییمان!

له بەرامبەردا، ئەو قۆناغەی ئێستای خەباتی چەکداریی پەکەکە، له رووی پێگه و جێگەی **جوگرافیای سیاسییەوه**، زۆر له حاڵەتی قۆناغی سێهەمی خەباتی چەکداری فەلەستینییەکان دەچێت (واته قۆناغی لوبنان)، کۆتا قۆناغی خەباتی چەکدارییان. له لایەکی ترەوه له رووی ئەو قۆناغبەندییەی خەباتی چەکداری و **ئامانجەکانییانی** ئەو خەباته، خەباتی چەکداری فەلەستینییەکان هەر وەک هی پەکەکه له قۆناغی یەکەمدا، واته قۆناغی **هوشیارکردنەوه و بەهێزکردنی** رۆحی بەرەنگاربوونەوه، تا رادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بوون، بەڵام هەر لەو قۆناغەشدا **قەتیس بوون**. هەڵبەته، به یەک جیاوازی گەورەوه: فەلەستینییەکان به دانانی چەک به یەکجارەکی کۆتاییان به قۆناغەکه هێنا، بەڵام پەکەکه ئەوەتا له (لوبنانی خۆیدا، واته هەرێمی کوردستان) خەریکی "خۆپارێزییه" هەتا ئێستاش له قۆناغی یەکەمەوه نەپەڕیوەتەوه بەڵکو قەتیس بووه تیایدا!

دەرەنجام، کۆی پەرەسەندنەکان وامان لێ دەکەن بڵێین که له دۆخێکی ئەوهادا، دەکرێ باشترین بژاردە ئەوه بێت که ئیتر پەکەکه به جددی بیر له بژاردەی فەلەستینییەکان (واته **هی دانانی چەک**) بکاتەوه، به ئاراستەی دەربازبوونی پەکەکه و دۆزی کورد له تورکیا لەم دۆخه نەرێنی و وێرانکارەییه که تێی کەوتوون!